یەکبوونی ئومەتی ئیسلام

د.زاکیـــر نایك   و: وریا عمر علی

٥٢

یەکبوونی ئومەتی ئیسلام

نووسەر: دکتۆر زاکیرنایك
وەرگێڕ: وریـا عمر علی

١٤٣٨ کۆچی ------------- ٢٠١٧ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

✿ ناوی کتێب: یەکبوونی ئومەتی ئیسلام

✿ نووسەر: زاکیر نایك

✿ وەرگێڕ: وریا عمر علی

✿ ناوی زنجیرە: بابەتە فیکرییەکان - ژمارە (١٧)

✿ تیراژ: ١٠٠٠

✿ نۆرەی چاپ: یەکەم - ٢٠١٧

✿ دیزاین: ناوەندی ڕێنوێن

✿ قەبارە: ١٤×٢١

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١١٤٢)ی ساڵی (٢٠١٧) پێ دراوە

RENWEN

سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن ©

ڕێنوێن ڕێگە نادات بەبێ ڕێکەوتن و مۆڵەتی ڕێگە پێدان ئەم بەرهەمە بڵاوبکرێتەوە

جا بە لەچاپدانەوە و کۆپیکردنی بێت یا بەهەر شێوازێك تر

بۆیە ڕێنوێن بەمافی خۆی دەزانێت سەرپێچیکاریش ڕووبەڕووی سزای یاسایی بکاتەوە

ناوەندی ڕێنوێن: ٠٧٥١١٤٠٨٨٦٨ - ٠٧٥٠١٢٦٩٦٨٩ - ٠٧٧٠١٩٢٢٧٤٩

Renwen٢٠٠٩@yahoo.com

پێشەکی ڕێنوێن

لە پاش سوپاس و ستایشی پەروەردگار، درووود و ڕەحمەت و بەرەکەت ببارێت بەسەر پێغەمبەری ئازیزمان تا ڕۆژی مەحشەر.

خوێنەرانی ئەزیز ..

ئەم کتێبەی بەر دەستت لە بنچنەدا بریتییە لە وتارێکی دکتۆر زاکیر نایك دەربارەی" یەکبوونی ئومەتی ئیسلام" کە لە دووتوێی زنجیرە کتێبەکانی هەگبەی نایك ناوەندی ڕێنوێن بڵاوی ئەکاتەوە .

ئەزیزان، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیاندا مابوو خۆی وڵامی خەڵکی ئەدایەوە ئەویش بە پشت بەستن بە وەحی خودایی، دوای وەفاتی ئازیزمان و زیاتر بڵاو بوونەوەی ئیسلام بە جیهاندا، پرسیارەکان لە هەمبەر دەقەکانی شەریعەت زیاتر و زۆر تر بوون و لە هەموو سنورەکانەوە ئاراستەی هاوەڵانی ئازیز و زانایان ئەکران، ئەوانیش بە گوێرەی تێگەیشتنیان و بە پشت بەستن بە خودی دەقەکان وەڵامیان ئەدانەوە، بەڵام بە بۆنەی بەر بڵاوی

ناوچەکان و کۆنەکردنەوەی فەرموودەکانی سەروەرمان، زۆر جار ڕاجیایی لە نێوان هاوەڵان و زانایانی پاش ئەوانیش سەری هەڵداوە، تا ئێستاشی لە گەڵ بێت زانایان ویستوویانە لەسەر تێگەیشتنیان بۆ دەقەکان هاوڕاییەك بێتە کایەوە، تاوەکو بەهۆیە یەکڕیزی ئومەتی ئیسلام بپارێزرێت .

ئەوەی جێی داخە لە ناو مێژووی ئیسلامیماندا بە هۆی لێك تێنەگەیشتن و جێبەجێ نەرکردنی ئادابەکانی جیاوازییەکانمان، توشی چەندان نەهامەتی و داخوران بووین کە تاوەکو ئێستا ئومەتی ئیسلامی پێوەی ئەناڵێنێ.

ئەم کارەی دکتۆر زاکیر نایك " بەشێکە لەو هەوڵانەی کە لە ڕێگەی مەعریفییەوە ئەوە ئاڕاستەی تاکی موسوڵمان بکات کە یەك ڕیزی و یەکبوونی ئومەتی ئیسلام پێویستە لە هەرە کارە پێشینەکانی تاکی ئیماندار بێت .

ناوەندی ڕێنوێن

پێشەکی نووسەر

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسـول الله و علـي آلـه و اصحابه أجمعين، أما بعد: أعوذ بالله من الشيطان الـرجيم، بسـم الله الـرحمن الرحيم، واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا. رب اشرح لي صدري ويسير لي أمري و احلل عقدة من لساني، يفقه قولي.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته...

یەکبوون لە ئوممەتی ئیسلامدا بابەتێکی گرنگ، بێ وێنـە، وە زۆر هەسـتیارە. گرنگـە، چـونکە هـەموو موسـوڵمانان دەزانـن کـە "یەکبوون" نیە لە ئوممەتی ئیسلامدا، بۆیە بابەتێکی زۆر گرنگە.

بابەتێکی بێ وێنەیە چونکە وەك زۆربەتان ئاگاداربن کە زۆرینەی وتارەکـانم مەبەسـت پێیـان بانگەوازکردنـە ڕووەو مسـوڵمان ناموسـوڵمانیش بـەبێ جیـازای، زیـاتر دوو جـۆر وتـار پێشـکەش دەکەم:

جۆرێك كە پەیوەندی بە بەراوردكردنی ئاینەكانەوە هەیە، بۆ نموونە: لێكچون لە نێوان هیندۆسی و ئیسلامدا. لێكچوون لە نێوان ئیسلام و ئاینی گاوردا.

محمد (درودی خوای لێ بێت) لە كتێبی پیرۆزی هیندۆسیدا،

محمد (درودی خوای لێ بێت) لە زۆربەی كتێبە پیرۆزەكانی جیهاندا.

ئایا عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) خوایە؟ ئایا عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) لە خاچ دراوە؟ وە وتاری جۆراو جۆر.

ئەم وتارانە هەرچەندە ڕوویان لە نا موسوڵمان بووە كە زانیارییان پێ بدرێ لە سەر ئیسلام و بەراورد كردن ئاین ، تەنانەت سودیان بە موسوڵمانانیش گەیاندووە بە گشتی بۆ بانگەوازكردن لە نێوان برا موسوڵمانەكاندا. بۆیە بۆ ووتارەكان ئاراستەی مسوڵمان و نامسوڵمان كراون، كەواتە وتارەكانی بەراورد كردنی ئاینەكان بۆ هەردوولایە.

جۆرەکانی تری وتار کە پێشکەشی دەکەم زیاتر لە سەر ئەو بابەتانەن کە ڕوودەدەن و بەهۆیانەوە میدیاکان هێرش دەکانە سەر ئیسلام. بۆ نمونە: مافی ئافرەت لە ئیسلامدا، یان خەڵك وا ئەزانێ ئەمڕۆ سەردەمی زانست و تەکنەلۆجیایە ئیسلام بەسەر چووە بۆیە "قورئان و زانستی سەردەم" م باس کردووە.

ئەم وتارانەی گروپی دووەم دوو ڕوویان هەیە: موسوڵمانان فێری مافی ئافرەت ئەکات لە ئیسلامدا مەعریفەیەکی زانستی ئەبەخشێت دەربارەی ئیسلام.

لە هەمان کاتدا موسوڵمانان فێردەبن دامەزراوبن سەر ئاینەکەیان ، لە ڕاستێتی ئاینەکەیان خۆش نوود بن.

چەند وتارێکی دیکەم پێشکەش کردووە کە تایبەتن بە موسوڵمان، بۆ نموونە: "قورئان پێویستە بە تێگەیشتنەوە بخوێنرێتەوە". چونکە هەندێ لە موسوڵمانان ئەڵێن پێویست ناکات قورئان بە تێگەیشتنەوە بخوێنرێتەوە بۆیە ئەم وتارەم پێشکەش کردووە، لە ژێر ناونیشانی "دەعوە، یان وێران کردن" ئەم وتارانە

بە تایبەتی بۆ موسوڵمانن، هەرچەندە ناموسوڵمانانیش سود وەردەگرن، بەڵام زیاتر بۆ موسوڵمانانە.

بۆیە دەڵێم بابەتی ئەمڕۆ بیّ وێنەیە چونکە بە زۆری بۆ موسوڵمانانە، نا موسوڵمانیش لەوانەیە سود وەریگریّ، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ موسوڵمانانە، "یەك بوون لە ئوممەتی ئیسلامدا".

بۆیە بابەتەکەم هەستیارە چونکە جیاواز لە بابەتەکانی ترم کە بۆ موسوڵمانان بوون تەنها بەشێکی بچوکی موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە پێویست ناکات قورئان بە تێگەیشتنەوە بخوێنرێتەوە، زۆربەشی باوەڕی وایە کە پێویستە بە تێگەیشتنەوە بخوێنرێتەوە. هەندیّ گروپی موسوڵمانان دەڵێن کە پێویست ناکات دەعوە بکرێت، زۆربەشی باوەڕی وایە کە پێویستە بکرێت.

بەڵام ئەم بابەتە"یەك بوون لە ئوممەتی ئیسلامدا" هەستیارە چونکە هەریەکێك لە ئێمە ئەگرێتەوە، جا هەر جۆرێکی موسوڵمان بێت، داوا لە هەمووان دەکەم کە تکایە بە وریاییەوە سەرنج بدەن

بۆ مەبەستی بابەتەکەم. إن شاالله ڕێ نیشاندەر ئەبێت وێنەیەکی ڕاستی ئیسلام .

لەم بابەتەدا " یەك بوون لە ئوممەتی ئیسلامدا " لەوانەیە نەتوانم هەموو لایەنەکان و چارەسەرەکان بخەمە ڕوو، بەڵام هەوڵ ئەدەم لایەنە سەرەکییەکان بخەمە بەرچاو.

دکتۆر زاکیرنایك

هۆکارەکانی جیاوازی نێوان موسوڵمانان

هۆکاری یەکەم بۆ جیابوونەوە لە ئوممەتی ئیسلامدا، بە هۆی ئەو لایەنە جیاوازانەیە کە هەمانە. هەروەها قوتابخانەی جیاواز لە نێوان ئوممەتی ئیسلامدا، لەوانەیە پێی بڵێین مەزهەب یا مەصلەق یان موصەڵلا. لە بەر ئەوە هۆکاری سەرەکی، یەکەم هۆکار، گەورەترین هۆکـار، بـەهۆی ئـەو لایەنانەیـە کـە هـەن لـە ئوممـەتی ئیسـلامدا، هەروەها قوتابخانەی جیـاواز، مەزهەبـەکان یـان مەصـلەقەکان یـان موصەڵلاکان. بەشێکی زۆری وتارەکەم لە شێوەی پرسیارو وەڵـام دەبێت کە زۆربەی کات ئەپرسرێن لە ژیانماندا.

بۆیـە پرسـیارەکەم هەرچییەك بێـت کـە ئەیکـەم، هەرکەسـێك ئەتوانێ هەمان پرسیار لـە خـۆی بکـات، هـەروەها وەڵـامی خۆشـی بداتـەوە، وە بگاتـە ئـەوەی هەرکەسـێك لـە کوێـدا دەوەسـتێت. هەروەکو زۆربەتان ئەزانن کە کلیلـی سـەرەکی بـۆ بانگـەوز یـان بـۆ چاکسازی، بـە بۆچـونی مـن لـە قورئاندایـە، لـە ئایـەتێکی قورئـان. سورەتی آل عمران، ئایەتی ٦٤ دەفەرموێت:

﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤﴾

لە زۆربەی وتارەکانمدا ئاماژەم پێ یاوە کە ئەم ئایەتەی قورئان ئەفەرموێ (ئەی ئەوانەی کە کتێبتان بۆ ڕەوانە کراوە وەرن بە دەم بەرنامەیەکەوە کە هاوبەشە لە نێوان ئێمەو ئێوەشدا، کەسی تر نەپەرستین جگە لە الله، وە هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەن) هەرچەندە ئاماژە بە ئەهلی کیتاب ئەکات، بە تایبەتی جولەکەو گاور، ئەکرێت ئاماژە بە هەر جۆرێکی نا موسوڵمانیش بکات، هیندۆسی بێت یان یا بودی یان جاپینی.

(وەرن بەدەم بەرنامەیەکەوە کە هاوبەشە لە نێوان ئێمە و ئێوەشدا) وە ئەگەر هەنگاوێك زیاتر بنێین، بە بۆچونی من بەسەر ئومەتی ئیسلامیشدا ئەچەسپێت. کاتێك جیاوازیمان هەیە لە ئومەتی ئیسلامدا، باشترین شت بریتییە لە (وەرن بە دەم

بەرنامەیەکەوە کە هاوبەشە لە نێوان ئێمەو ئێوەشدا) بۆیە ئەم بەشەی ئایەتەکە، بە بۆچونی من دەتوانرێت بۆ ئیسلامیش بەکار بهێنرێت وە باشترین ڕێگەیە بۆ چاکسازی کردن (إصلاح)، بۆ ڕاست کردنەوەی موسوڵمانان کە بەرەو ڕێگەی ڕاست ببرێن. بە شێوەیەکی ئاسایی کاتێك پرسیار لە هەر موسوڵمانێك بکەیت:"ئایا ڕاسترین وباشترین کتێب لە ئیسلامدا کامەیە؟ باشترین سەرچاوەی زانیاری کامەیە لە ئیسلامدا؟" دەڵێت:"قورئان"ە، ماشاءالله. خەڵاتی لە سەر وەرناگیرێت، پرسیارێکی سادە، وەڵامێکی سادە، کەس ناڕازی نییە.

بەڵام جارێ هیچ گرنگ نییە.

پرسیاری دووەم:"سەرچاوەی زانیاری کامەیە لە دوای قورئان؟"

وەڵامەکەی بریتیە لە:"حەدیث" ما شاء الله. دووان بەبێ جیاوزی. فەرمودەی پێغەمبەر (درودی ی خوای لێ بێت)، لەوانەیە بڵێن سوننەت، لەوانەیە بڵێن حەدیث.

دووان بە بێ جیاوازی، هەموو کەسێك ڕازییە، هەر جۆرێکی موسوڵمان بێت، ڕازییە یەکەم سەرچاوە قورئانە دوای ئەوەش فەرمودە.

ئێستا زۆربەمان ئاگادارین کە فەرمودەکان جیاوازیان هەیە، هەندێکیان "صەحیح" ن کە بەهێزن، پشت ڕاستکراوەن، هەندێکی تریان "ضعیف"ن، هەندێکیان "موضوع"ن کە تێکەڵاو و هەڵبەستراون.

کام فەرمودەیان پێویستە موسوڵمان گوێڕایەڵی بێت؟ "فەرمودەی صەحیح" ما شاء الله.

سێ پرسیار و وەڵامەکە هەروەکو خۆی ئەمێنێتەوە، جیاوازی دروست ناکات، لە هەر جۆرێکی موسوڵمان بپرسیت، سەر بە هەر گروپێك بێت، سەر بە هەر لایەنێك بێت، هەمان وەڵامە.

یەکەم سەرچاوە بریتییە لە قورئان، کەلامی خوا، قسەی خوا، سەرچاوەی دووەم بریتییە لە وتەکانی پێغەمبەر، حەدیثەکان؛ گێڕانەوەکانی پێغەمبەر.

سێیەمیش، لە فەرمودەکاندا ئەبێت گوێڕایەڵی کامیان بین، فەرمودەی صەحیح.

دوو جۆر بیرکردنەوە نییە (وەرن بەدەم بەرنامەیەکەوە کە هاوبەشە لە نێوان ئێمەو ئێوەشدا)

ئێستا بە پێی ئەم سێ وەڵامە زیاتر لە سەر بابەتەکە ئەدوێین.

بەڵام کاتێك کە پرسیارێك لە موسوڵمانێك ئەکەم کە سەر بە کام قوتابخانەیە یان کام مەزهەبە، زۆربەی خەڵکی هیندستان پێم ئەڵێن "حەنەفی" ن، هەندێك لەوانەیە کە بڵێن "شافیعی"ن، ئەگەر بچمە دەرەوەی هیندستان ئەم پرسیارە بکەم، جگە لە "حەنەفی" و "شافیعی" لەوانەیە بڵێن "حەمبەلی"م، یان هەندێ لەوانەیە بڵێن "مالیکی"م، بەڵام لە هیندستان زۆربەی موسوڵمانەکان بە خۆیان ئەڵێن "حەنەفی" هەندێکیش بە خۆیان ئەڵێن "شافیعی"، هی دیکەش هەن بەڵام ئەم دووانە سەرەکین.

پرسیارێکی ترم هەیە: "برام بۆچی حەنەفیت؟ بۆچی شافیعی نیت؟"

ئەو وەڵامەی باوە و پێم دەڵێت: "لەبەر ئەوەی دایك و باوکم حەنەفین، منیش حەنەفیم."

ئینجا پرسیار دەکەم: "ئەی ئەگەر باوکت شافیعی بوایە؟"

پێم دەڵێت: " زاکیری برام، ئەگەر باوکم شافیعی بوایە، منیش شافیعی ئەبووم."

وەڵامەکە ئاسانە. دەڵێم: "زۆر باشە" تا ئێرە زۆر ئاسانە...

"ئەی ئەگەر دایك و باوکت موسوڵمان نە بونایە، چی دەبوویت؟"

ئینجا بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ دەبێت.

دەڵێم: "برام بۆ وەڵام نادەیتەوە؟" لەوانەیە زۆر بە کزی وەڵام بداتەوە بڵێت: "لەوانەیە منیش ناموسوڵمان دەربچوومایە."

دەڵێم: "باشە ئەگەر تەمەنت ٣٠-٤٠ ساڵ بوایە، ئینجا وەڵامت بدامایەتەوە کە تۆ ناموسوڵمانیت"، "هیندۆسیت یا گاوریت یا جولەکەیت یان جاینیت."

وەڵام ئەدەیتەوە: "ناموسوڵمانم لە بەرئەوی باوکم ناموسوڵمانە یا دایکم ناموسوڵمانە."

"ئایا چاوپۆشیت لێ دەکرێ؟"

بێ دەنگ دەبێت وەڵام ناداتەوە.

دەڵێم ئەگەر "بڵێیت بەڵێ، ئەوە هەموو ناموسوڵمانەکان ئەمرۆ چاوپۆشیان لێ دەکرێت، چونکە دایك و باوکی زۆربەیان ناموسوڵمانن"، بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگە... ئینجا دوای بیرکردنەوە، وەڵامێکم ئەداتەوە "ئەگەر خوا هیدایەتم بدات، موسوڵمان دەبم."

دەڵێم "باشە، ئەگەر خوا هیدایەتت بدات، موسوڵمان ئەبیت."

بەڵام خوا لە قورئاندا لە سورەتی العنکبوت، ئایەتی ٦٩ دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٦٩ ﴾

کە ئەگەر هەوڵ بدەیت لە ڕێگەی خوادا، تێبکۆشیت لە ڕێگەی خوادا، خوا دەرگای خۆیت بۆ والا دەکات.

پێوانەکە ئەوەیە کە پێویستە هەوڵ بدەیت، ئەگەر هەوڵ بدەیت، هیدایەتت دەدات، ئەمە بەڵێنی خوایە.

ئەگەر هەوڵ بدەیت لە ڕێگەی خوادا، خوا دەرگای خۆیت بۆ دەکاتەوە.

کەواتە بنەماکە ئەوەیە ئەگەر هەوڵ بدەیت، خوا دەرگای خۆیت بۆ دەکاتەوە.

هەر وەکو دوێنێ و[1] ڕۆژانی پێشتریش کە ناموسوڵمانەکان دێن و دەڵێن "من لە خێزانێکی نا موسوڵمان لە دایک بووم، خەتای من چییە؟"

منیش پێم وتن، وە زۆربەتان دوێنێ لەوێ بوون، بۆم سەلماندن کە باشە ئەگەر ئێستا ئیسلام قبوڵ بکەن، هەموو تاوانەکانتان ئەسڕێنەوە، بۆیە هێشتا هەلتان لە بەردەمدایە، زۆر ناموسوڵمانیش موسوڵمان بوون.

---

١. ئەم کتێبە وەرگێڕاوی کۆڕێکی "د. زاکیر نایک"ە، لێرەدا زاکیر نایک ئاماژە بە ڕۆژێک بەر لە پێشکەش کردنی ئەم وتارە دەکات.

...

کەواتە بنەماکە ئەوەیە کە پێویستە هەوڵ بەیت.

بۆیە کاتێك بە ناموسوڵمانێك دەڵێیت، کە پێویستە هەوڵ بەیت بۆ ئەوەی "حەق" بدۆزیتەوە. ئەگەر ناموسوڵمانێك بێت و بڵێت "بۆچی تۆ موسوڵمانیت؟"

تۆش وەڵام بەیتەوە "لە بەر ئەوەی باوکم موسوڵمانە."

پێت ئەڵێ "هەوڵت داوە؟"

"هەوڵت داوەو ڕاستییەکەت دۆزیوەتەوە؟"

کەواتە ئەبێت بە ئەرکێك، کە بخوێنیتەوە لە سەر ئیسلام، کە بە ئیجباری قورئان و فەرمودە بخوێنیتەوە.

بۆیە ئەگەر بۆ ناموسوڵمانیش بێت، موسڵمانیش ئەگرێتەوە، وە تەنانەت ئەبێت تۆش هەوڵ بدەیت بۆ "حەق".

سوپاس بۆ خوا دایك و باوکتان حەنەفی و شافیعین، بەشێکن لە مسوڵمانان. وە دایك و باوکی منیش موسوڵمانن، سوپاس بۆ خوا، بۆیە ئێمەش موسوڵمانین. بەرەکەتی خوایە، الحمدلله.

ئایا چوار مەزهەبەکە کامیان ڕاستن؟

ئینجا پرسیارێکی تری لێ دەکەم:

"بەرام تۆ ئەڵێیت کە حەنەفییت، کامیان باشترە؟ حەنەفی باشترە، یان شافیعی؟"

هەروەکو پرسیارێکی سادە، کامیان باشترە؟ حەنەفی یا شافیعی؟

زۆربەی مسوڵمانان دەڵێن:" هەرچواریان لەسەر حەقن. هەر چوار مەزهەبەکە دروستن."

ئەمە وەڵامە باوەکەیە کە زۆر دەوترێت، هەر چوار مەزهەبەکە، حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەنبەلی، هەر چواریان ڕاستن.

ڕەنگە هەندێك بڵێن حەنەفی ڕاستە، یان هەندێکی تر بڵێن شافیعی ڕاستە، بەڵام زۆرینە دەڵێن هەرچوارمەزهەبەکە لەسەر حەقن، هەرچوار مەزهەبەکە ڕاستن. خۆتان ئەزانن کە ئەم پرسیارانە لای هەموان ئاشنایە، ئەوەندە قورس نین.

Scanned by CamScanner

ئینجا پرسیارێکی تر دەکەم "برام لە مەزهەبەکەی تۆدا، مەصلەقەکەی تۆ، لە موصەللاکەی تۆ، لە مەزهەبی "حەنفی"دا ئەگەر پیاوێك دەستنوێژی هەبێت، بە ڕێکەوت بەر ئافرەتێك کەوت، یان ئافرەتێك بەری بکەوێت، دەستنوێژەکەی ئەمێنێت یان دەستنوێژەکەی نامێنێت؟ خۆمان ئەڵێین دەستنوێژەکەی ئەشکێ یان دەستنوێژەکەی ناشکێت "دەستنوێژەکەی ئەشکێ یان ناشکێ؟"

حەنەفییەکە دەڵێت:"لە مەزهەبی حەنفی دا، دەستنوێژەکەی ناشکێت."

دەڵێم:"باشە."

با بچین بۆ پرسیارێکی تر:" لە موصەللای شافیعی دا، یان مەزهەبی شافیعی دا ئەگەر پیاوێك دەستنوێژی هەبێت، بە ڕێکەوت بەر ئافرەتێك بکەوێت، یان ئافرەتێك بەری بکەوێت، دەستنوێژەکەی دەمێنێت یان دەستنوێژەکەی نامێنێت؟ دەستنوێژەکەی دەشکێت یان نا؟"

وەڵامەکە بریتیە لە .... ما شاء الله.

هەمووتان دەزانن.

پرسیارێکی سادە، وەڵامێکی سادە، دەستنوێژەکە ئەشکێ.

هیچ قورسییەکی تیا نییە، تا ئێستا پرسیارەکان ئاسانن. لە موصەللای شافیعی یان لە مەزهەبی شافیعی دا دەستنوێژەکە دەشکێ.

پرسیارێکی تر کە دیسان زۆر سادەیە.

دەپرسم: "برای ئەزیزم، دەکرێت هەردووکیان لە هەمان کاتدا ڕاست بن؟ کە دەستنوێژی موسوڵمانێك دەشکێت کە بە ڕێکەوت بەر ئافرەتێك بکەوێت، دەستنوێژی موسوڵمانەکەی تر ناشکێت کە بە ڕێکەوت بەر ئافرەتێك بکەوێ؟"

"دەکرێت هەردوکیان لە هەمان کاتدا ڕاست بن؟"

من ناڵێم کامیان ڕاستە، بۆ ئەوەی کە کامەیان ڕاستە، پێویستە زانیاریت لەسەر قورئان و فەرمودە هەبێت.

پرسیارەکەم سادەیە: "دەکرێت هەردووکیان لە هەمان کاتدا راست بن؟"

پرسیارێکی سادە، وەڵامێکی سادە، خەڵاتی لەسەر وەرناگیرێت!

ئەگەر پرسیارێکتان لێ بکەم، مامۆستایەك بە قوتابیەکانی دەڵێت ٢+٢= ٥.

مامۆستایەکی تر بە قوتابیەکانی دەڵێت، ٢+٢ ≠ ٥.

دەکرێت هەردوو ماموستاکە لە هەمان کاتدا ڕاست بن؟

بەڵێ! ئەگەر یەکێك بیرکاری نەزانێت، لەوانەیە بڵێت:" بەڵێ."

قسەی ئەو برایەم قبوڵە، ئەوکەسەی کە بیرکاری نازانێت، لەوانەیە بڵێت بەڵێ.

هەموو ئەوانەی بنچینەی بیرکاری دەزانن، تەنانەت سەرەتاییان خوێندبێت، دەڵێن:"نەخێر."

بۆیە هەموو کەسێ دەزانێت کە ٢+٢ دەکاتە ٤.

کەواتە پرسیاری یەکەم "مامۆستایەك دەڵێت ٢+٢≠ ٥، مامۆستاکەی تر دەڵێت ٢+٢= ٥."

ئەکرێت هەردوکیان لە هەمان کاتدا ڕاست بن؟ وەڵامەکەی بریتیە لە "نەخێر".

ئاسانە...!

پێموایە زۆربەتان ئەوەنەتان خوێندووە.

بەڵام ئەگەر پرسیارێکی تۆزێك قورستان لێ بکەم:

ئایا ٣٧٥*٦٢٥ دەکاتە ١٠٠٠٥٢٥؟

مامۆستایەك ئەمە بڵێت، مامۆستایەکی دیکەش دەڵێت: ٣٧٥*٦٢٥ ناکاتە ١٠٠٠٥٢٥.

ئەکرێ هەردوکیان لە هەمان کاتدا ڕاست بن؟!

"نەخێر"

پێویست ناکات ببی بە زانای بیرکاری. ئەگەر پرسیارت لێ بکەم کە کامیان ڕاستە، پێویستە ئامێری ژمێرەرەکەت (حاسبە) دەربێنیت و حسابی بکەیت.

ئەگەر بیرکاریش نەزانیت بەڵام لە لۆجیک بزانیت، یەکێك بڵێت دەکاتە ١٠٠٠٥٢٥، ئەوی کەش بڵێت ناکاتە ١٠٠٠٥٢٥.

ئەگەر ژمێرەریشت لا نەبێت بیرکاریش نەزانیت، هەردوکیان ناکرێ بەیەکەوە ڕاستبن.

بۆ ئەوەی بزانیت کام مامۆستایەیان ڕاستە، کێ ڕاستە، دەبێت ژمێرەرێك دەربێنیت و پەنجە بنێیت بەدوگەمەکاندا و ئینجا وەڵام بدەیتەوە، کە یەکەمیان یان دووەمیان ڕاستە.

باشە هاوڕایت لەگەڵم؟

ماشاء الله، بۆیە بەهەمان جۆر کە بوترێ، کێ ڕاستە، یان کام مەزهەب ڕاستە، حەنەفی یان شافیعی.

"ئەکرێ هەردوکیان بەیەکەوە ڕاستبن؟" وەڵامەکە "نەخێر"ە.

بەڵام کام مەزهەبەیان ڕاستترە، وەڵامەکە چییە؟ هەمان وەڵامە.

پێویستە لێی بکۆڵینەوە لە سەرچاوە ڕاستەکان، ژمارە یەك بریتیە لە "قورئان" ژمارە دوو بریتیە لە "فەرمودە" ڕاستەکان.

بۆیە ئێستا ئەم وەڵامە، کە کامیان ڕاستە حەنەفی یان شافیعی، هەموو کەس نازانێت، مەگەر کەسێك لە ڕێگای خوادا هەوڵیدابێت و کۆششی کردبێت.

پێویستە هەوڵ بدات و ڕاستییەکە بدۆزێتەوە.

ئێستا ئەگەر قورئان بخوێنینەوە، باس کراوە لە قورئاندا لە سورەتی المائدة، ئایەتی ژمارە ٦ دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٦ ﴾

(ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، کاتێـك هەسـتان بـۆ نوێـژ، دەموچاوتان بشۆن، وە دەستەکانتان تـا ئانیشـکتان، دەسـتی تـەڕ بێنن بە سەرتاندا، قاچەکانتان بشۆن تا قولەپێ.)

واتە دەبێت دەستنوێژ بگیرێت لە پێش نوێژ.

(وە ئەگەر لەشتان گران بوو، ئەوە خۆتان خاوێن بکەن، خۆتان بشۆن) ئایەتەکە بەردەوام ئەبێت، (ئەگەر نـەخۆش بـوون یـان لـە سـەفەردا بـوون، یـان لـە دوای دەسـت بـە ئاوگەیانـدن، یـان بـەر ئافرەتێکی {نا مەحرەم} کـەوتبوون، وە ئاوتـان دەسـت نەکـەوت، خاکێکی پاك یان خۆڵ بێهێنن بە ڕوخسار و دەستاندا)

باسی تەیموم دەکات، ئەگەر ئاو نەبوو، تەیموم بکەن.

بۆیە بە پشت بەستن بەم ئایەتەی قورئان کە ئەفەرموێت ئەگـەر ئافرەتێـك بـەرت بکـەوێت، ئەگـەر بـەر ئافرەتێـك بکـەویت، وشـە عەرەبیەکە "لمس" ە ڕەگی وشەکە "مس"یە.

بە پشت بەستن بەمە، ئەگەر ئافرەتێك بەر تۆ بکەوێت، یان تۆ بەر ئافرەتێك بکەوی، پێویستە دەستنوێژ بگریت.

ئەگەر ئاوێش نە بوو پێویستە تەیموم بکەیت، یا خۆت بشۆی.

خۆ شۆردن، یا دەستنوێژ، یا تەیموم، سێ هەڵبژاردەیە.

ئەگەر ئاو نەبوو تەیموم.

ئێستا ئەگەر وشەی "مس" وەرگرین، دوو مانای هەیە، ئەگەر سەیری فەرهەنگ بکەین کە "مس" مانای چیە، دوو مانی هەیە:

یەکێك "بەرکەوتنی ئاسایی" یە، ئەوی تر "جیماع".

بۆیە ئەم دوو ئیمامە مەزنە، زانای مەزن بوون.

ئیمام ابو حنیفە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئەو مانایەی وەرگرتووە کە جیماع بێت، ئینجا ئەو دەستنوێژەی کە خۆشۆردنی ئەوێت، واجب ئەبێت.

"مس"ەکەی کە باس کراوە، جیماعە.

بۆیە ئەگەر تەنها بەر ئافرەتێك بکەوی دەستنوێژەکە ناشکێت.

ئیمام شافیعی(خوای لێ ڕازی بێت)، ئەو مانایەی وەرگرتووە بەركەوتنی ئاساییە.

"مس" دوو مانای هەیە. بۆیە بەركەوتنە ئاساییەكەی وەرگرتووە.

كەواتە بە پێی بیركردنەوەی قوتابخانەی حەنەفی، جیماع دەستنوێژ ئەشكێنێت. بەركەوتنی ئاسای دەستنوێژ ناشكێنێت.

بە گوێرەی بیركردنەوەی قوتابخانەی شافیعی، تەنانەت بەركەوتنی ئاساییش بۆ ئافرەت دەستنوێژەكە ئەشكێنێت. دەستنوێژەكە نامێنێت.

ئێستا "مس" دوو مانای هەیە، هەریەكەیان مانایەكی وەرگرتووە.

بەڵام باشترین ڕوونكردنەوە بۆ قورئان، قورئان خۆیەتی.

ئەگەر لە قورئان نەت دۆزییەوە، بچۆ بۆ سەرچاوەی دووەم كە فەرمودەیە.

بــەڵام کـاتێك بە ئــایەتەکانی تردا ئەگـەڕێین، ئەگـەر سورەتی ال عمران بخوێنینەوە، ئایەتی ژمارە ٤٧ دەفەرموێت:

﴿قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكِ اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ إِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾﴾

واتە: ئەوسا مەریەم وتی: پەروەردگارا، جا چۆن من منداڵم دەبێت: خۆ کەس توخنم نەکەوتووە، (جوبرەئیل فەرمووی): ویست و فەرمانی خوا هەروایە و چی بوێت، دروستی دەکات، هەر کاتێک شتێکی بوێت تەنها پێی بڵێ ببە، دەستبەجێ دەبێت.

وشەی "مس" لەوێیش هەیە.

باسی چیرۆکی مەریەمە (خوای لێ ڕازی بێـت)، کـاتێ جوبرەئیـل هات و پەیامەکەی پێدا، کە "تۆ کوڕێکت ئەبێت."

وەڵامەکەی حەزرەتی مەریەم (خوای لێ ڕازی بێـت) لـە سـورەت ال عمران، ژمارە ٣ ئایەتی ٤٧ (چۆن منالم ئەبێ کە هیچ پیاوێك بەرم نەکەوتووە)

هەمان ڕەگی وشەی "مس" لەوێدا هەیە.

ئێستا هەرکەسێکمان بێت تێدەگات، کاتێک مەریەم (خوای لێ ڕازی بێت) کە دەڵێت:(چۆن منداڵم دەبێت لە کاتێکدا هیچ پیاوێک بەرم نەکەوتووە؟)

کە ئەمە واتە جیماع، نەک بەرکەوتنی ئاسایی.

چونکە ئەگەر یەکێك بە ئاسایی دەست لە ئافرەتێکەوە بدات، منالێ نابێت، بەڵام بە جۆرەکەی تر، هەلی ئەوە ئەبێت کە منالی ببێت.

بۆیە دەڵێت (چۆن منداڵم دەبێت کە هیچ پیاوێک بەرم نەکەوتووە؟)

لە وەڵامی ئەمەشدا (کاتێك خوا شتێکی بوێت دەفەرموێت ببە، دەبێت.)

لە قورئاندا باسەکە درێژە، بەڵام وشەی "مس" واتە جیماع.

زیاد لەمە، کاتێ فەرمودەی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) دەخوێنینەوە، ئەگەر گومانێك هەبێت، ئەگەر نەتوانین لە ئایەتەکانی قورئان تێبگەین، پێویستە بڕۆین بۆ سەرچاوەی دووەم کە فەرمودەیە، وە بگەڕێین بە دوای فەرمودەیەکدا کە صەحیح بێت.

فەرمودەیەکی صەحیحی "أبو داود" بەرگی ١ لە کتێبی صلاة، بەشی ٧٠، عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:

"جارێك پێغەمبەر یەکێك لە خێزانەکانی ماچ کرد و چوو بۆ نوێژ کردن، دەستنوێژی نەگرت. بۆیە "عوروە" (خوای لێ ڕازی بێت) پرسی: ئەبێ کێ بێ جگە لە تۆ؟ بە حەزرەتی عائیشەی وت. وە حەزرەتی عائیشەش پێکەنی، وەك ئەوەی دەریخات کە عائیشەی ماچ کردووە."

کەواتە فەرمودەی صەحیحی "أبو داود" کە بە صەحیح پۆلێن کراوە لە لایەن شارەزایانی فەرمودەوە، هەروەها "شیخ ناصر الأباني"، دەفەرموێت:

کاتێك پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)دەستنوێژی هەبوو، خێزانەکەی خۆی (عائیشە) ی ماچ کرد، وە چوو بۆ نوێژ، بێ ئەوەی دەستنوێژ بگرێتەوە.

ئەمە دەری دەخات کە بەرکەوتنی ئاسای دەستنوێژ نا شکێنێت.

زۆر فەرمودەی صەحیحی لەم شێوە هەن.

تەنانەت ئەگەر فەرمودەی صەحیحی بوخاری بخوێنینەوە، لە بەرگی ١، فەرمودەی ژمارە ٥١٩ دا باس کراوە کە عائیشە(خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە کە:"من لە نێوان پێغەمبەرو قیبلەدا بووم کاتێ پێغەمبەر نوێژی ئەکرد، پێش ئەوەی بچێتە سوجدە، پالّی دەنا بە قاچمەوەو منیش قاچم لادەبرد."

مانای وایەکە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەستی بەر قاچی عائیشە دەکەوێت(خوای لێ ڕازی بێت) و بەردەوامیش دەبێت لە نوێژکردن.

مانای وایە کە بەرکەوتنی ئاسایی دەستنوێژ ناشکێنێت. چەندین فەرمودەی صەحیح هەن بۆمان دەسەلمێنن کە بەرکەوتنی ئاسایی دەستنوێژ ناشکێنێت.

ئێستا دەپرسم: کامیان ڕاستە؟ بۆچوونی ئیمام ابو حنیفە یان بۆچوونی امام شافیعی؟ ئیمام ابو حەنیفە. چونکە بۆچوونی ئەو لەگەلّ قورئان و فەرمودەی صەحیح یەك دەگرێت. یەكێك

دەپرسێت: مەبەستت ئەوەیە ئیمام شافیعی هەڵە بووە؟ سەیرکەن ئێمە ڕێز لە ئیمام شافیعی دەگرین(خوای لێ ڕازی بێت). ڕێزی دەگرین، بەڕێزە لەلامان، وە خۆشمان دەوێت. پێغەمبەر دەفەرموێت هەر زانایاك بۆچوونێکی هەبێت، لەپاش لێکۆڵینەوە، ئەگەر بۆچوونەکەی ڕاست بێت، دوو پاداشت وەردەگرێت، ئەگەر بۆچوونەکەی هەڵەبێت، یەك پاداشت وەردەگرێت. هەرزانایەك فەتوایەك بدات، یان بۆچوونێکی هەبێت، ئەگەر ڕاست بێت، دوو پاداشت وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر هەڵەبێت، یەك پاداشت وەردەگرێت.

من ناڵێم کە ئیمام شافیعی(خوای لێ ڕازی بێت) زیرەك نەبووە، بەڵکو زۆر زیرەك بووە، زۆر زانیاری هەبووە. بەڵام دەبێت بزانین کە لەسەردەمی ئیمام ئەبو حەنیفە، لەگەڵ ئیمام شافیعی(خوایان لێ ڕازی بێت) هەموو فەرمودەکان کۆنەکرابوونەوە. کۆکردنەوەی فەرمودەکان پێشتر دەسی پێکردبوو، بەڵام دواتر تەواوکرا. بۆیە لەوانەیە ئەم فەرمودەی ئەبو داود، بەرگی ١، بەشی ١٧، ژمارە

۱۷۹، هەروەها فەرمودەی صەحیحی بوخاری بەرگی ۱، ژمارە ۵۱۹
نەگەشتبن بە ئیمام شافیعی. بۆیە لەبەر ئەوەی نەگەشتوون پێی،
ئەو یەکێك لە دوو ماناکەی وەرگرتووە. یان جیماع، یان بەرکەوتنی
ئاسایی، کە بەرکەوتنی ئاسایی وەرگرتووە. نەك بەهۆی ئەوەی کە
زیرەك نەبووە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە ئەم فەرمودانەی
پێنەگەشتووە.

بۆیە بەپشت بەستن بە زانیارییەکانی ئەو، کە پشتی بە قورئان
بەستووە، دەکرێت هەردوو ماناکەی هەبێت کە یەکێکیانی
وەرگرتووە. نەك ئەوەی بە مەبەست هەڵەی کردبێت. ئێمە دەڵێین
ئەم فەرمودانەی پێ نەگەشتون. با باسی نموونەیاکی تر بکەین،
پرسیارێك دەکەم:"ئایا لە نوێژا، لە نوێژی دەنگی بەرز (جهري)،
وەك نوێژی بەیانی، ئێوارە و خەوتنان. دوای ئەوەی ئیمام
سورەتی "الفاتحة" تەواو دەکات، بەگوێرەی مەزهەبی حەنەفی،
نوێژخوێنەکان پێویستە بەدەنگی بەرز بڵێن ئامین یاخود نا؟"

بە بۆچوونی ئیمام ئەبو حنیفە، بەگوێرەی مەزهەبی حەنەفی، پێویست ناکات بەدەنگی بەرز بڵێیت "ئامین" دوای ئەوەی ئیمام سورەتی الفاتحة تەواو دەکات لە نوێژی دەنگی بەرزدا. بەڵام بە بۆچوونی ئیمام شافیعی(خوای لێ ڕازی بێت) ئایا پێویستە نوێژخوێنان بەدەنگی بەرز بڵێن ئامین یان نا؟ وەڵامەکە:"بەڵێ." ئاسانە، هەموو کەسێك دەیزانێت.

لە مەزهەبی حەنەفیدا پێویست ناکات بەدەنگی بەرز بڵێیت ئامین، لە مەزهەبی شافیعیدا پێویستە بەدەنگی بەرز بڵێیت ئامین لە نوێژی بەیانی، ئێوارە و شێواندا. کامیان ڕاستە؟ ئەگەر نازانیت، پێویستە بچیت بۆلای قورئان و فەرمودە. هیچ ئایەتێك لە قورئاندا نادۆزینەوە کە بڵێت پێویستە بە دەنگی بەرز بڵێیت ئامین یاخود نا. بۆیا ئەچینە لای سەرچاوەی دووەم کە فەرمودەی صەحیحە. ئێستا کاتێ کە فەرمودەی صەحیح ئەخوێنینەوە، لە صەحیحی بوخاریدا باسکراوە، لە بەرگی ١، پەرتوکی آذان، فەرمودەی ژمارە ٧٨٠، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

"کاتێك ئیمام لەپاش خوێندنی الفاتحة بەدەنگی بەرز دەڵێت ئامین، ئێوەش بڵێن ئامین، چونکە فریشتە لەم کاتەدا دەڵێت ئامین. ئەگەر ڕێك بکەوێ و لەگەڵ ئامینی فریشتەکاندا بڵێن ئامین، خوای گەورە لە گوناهی لەوەوبەری خۆشدەبێت"

فەرمودەیەکی تر لە صەحیحی بوخاری بەرگی ١، پەرتوکی آذان، ژمارە ٧٨١، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

"ئەگەر ئامینی هەرکەسێکتان یەکبگرێ لەگەڵ ئامینی هەرکام لە فریشتەکان، هەموو گوناهەکانی پێشتری دەسڕیتەوە".

صەحیحی بوخاری، بەرگی ١، پەرتوکی آذان، ژمارە ٧٨٢، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

"دوای ئەوەی ئیمام دەڵێت غیرالمغضوب علیهم ولاالضالین، بەدەنگی بەرز بڵێن ئامین. وە ئەگەر ئامینەکەتان یەك بگرێ لەگەڵ ئامینی فریشتەکان، هەموو گوناهەکانتان دەسڕێتەوە". ئێستا سێ فەرمودەی صەحیحی بوخاریم باسکرد کە پێویستە بەدەنگی بەرز بڵێیت ئامین لەدوای سورەتی الفاتحة. بەهەمان شێوە، لانی کەم

شەش فەرمودە هەیە لە صەحیحی موسلیمدا. ئەگەر صەحیحی موسلیم بخوێنینەوە، بەرگی ١، پەرتووکی صلاة، فەرمودەی ژمارە ٨١١ بۆ ٨١٦، کە شەش فەرمودەی صەحیحی موسلیمە کە دەڵێن پێویستە بە دەنگی بەرز بڵێن ئامین. نۆ فەرمودەی صەحیح کە دەڵێن پێویستە بەدەنگی بەرز بڵێن ئامین. ئێستا دەپرسم: "کامیان ڕاستە؟ مەزهەبی حەنەفی یاخود مەزهەبی شافیعی؟" مەزهەبی شافیعی. سادەیە، چی یەکی گرت لەگەڵ قورئان و فەرمودەی صەحیح، گوێڕایەڵی ئەوە بکە. سادە.

ئێستا با بێینە سەر پرسیارەکە. پرسیاری یەکەم کە ئایا دەستنوێژ دەشکێت یان ناشکێت کاتێک پیاوێک بەرێکەوت بەر ئافرەتێک دەکەوێت، یان ئافرەتێک بە رێکەوت بەر پیاوێک دەکەوێت. ئێستا با وادانێن ناموسوڵمانێك دەبێت بە موسوڵمان و لێم دەپرسێت: "زاکیری برام، ئەگەر ئافرەتێک بەرێکەوت بەرم بکەوێ یان بەپێچەوانەوە کە دەستنوێژم هەبێت، دەستنوێژەکەم دەمێنێت یان نا؟ منیش لێی بپرسم: جارێ باوکی تۆ حەنەفییە یان

شافیعی؟ ئەو باوکی موسوڵمان نیە. بۆیە وەڵامدانەوە ئەبێ بەپێی قورئـان و فـەرمودەی صـەحیح بێـت. کـاتێکیش لـە قورئـان و فـەرمودەی صـەحیح دەکۆڵینـەوە، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە دەستنوێژەکە ناشکێت، بە بێ پشتبەستن بەوەی کە ئەم کەسە لـە چ دۆخێکەوە هاتووە. یان یەکێك بێت و پێم بڵـێ: سـەیرکە زاکیری برام، ئیمام حەنەفی هەندێ چەوری لەسەر پێستەکەی بوو، بـەڵام ئیمـام شـافیعی چـەوری پێـوە نـەبوو، بۆیـە دەسـتنوێژی حەنـەفی ناشـکێت بـەڵام دەسـتنوێژی شـافیعی دەشـکێت. ئەگـەر کەسـێك هۆکـارێکی زانسـتیم بـداتێ، لەوانەیـە بیرێکـی لێبکەمـەوە، ئـەگینا لەمجۆرە شـتانە نیـە کـە پێسـتی ئیمـام حەنـەفی جیـاواز بووبێـت و پێستی ئیمام شـافیعی جیـاواز بووبێـت. پێویسـتە بگەڕێینـەوە لای خـوا و پێغەمبەرەکـەی. کـاتێکیش دەکۆڵینـەوە لـە قورئـان و فـەرمودەی صـەحیح، وەڵامەکـەمان دەسـت دەکـەوێت. دیسـان کەسێك پرسیار دەکات کـە پرسـیاری دووەمـە کـە ئـامین بـەدەنگی بەرز بوترێت کـە ئیمـام شـافیعی ڕاسـتە، وە لای مەزهـەبی حەنـەفی

بەدەنگی بەرز نەوترێت، مەبەستت ئەوەیە ئیمام ئەبو حەنیفە هەڵە بووە، یان زانیاری نەبووە؟ پەنا بە خوا. ئیمام ئەبو حەنیفە (خوای لێ ڕازی بێت) زانایەکی مەزن بووە، خۆشمان دەوێت، ڕێزی دەگرین. بەڵام نەک ئەوەی بەمەبەست هەڵەی کردبێت، بەڵکو لەوانەیە ئەم فەرمودانەی کە باسم کردن لە صەحیحی بوخاری، بەرگی ١، ژمارە ٧٨١ و ٧٨٢، هەروەها حەدیثی صەحیحی موسلیم، بەرگی ١، ژمارە ٨١١ بۆ ٨١٦، لەوانەیە پێی نەگەشتبن.

هەروەکو پێشتر باسمکرد، کاتێ کە پێغەمبەر لەژیاندا بوو، قورئان تەواو بووە بەچاودێری خۆی. سوپاس بۆ خوا قورئان تەواو بووە. ئەوەندەشی پەیوەندی قورئانەوە هەبێ، بۆچوونی جیاواز نیە. بەڵام پێغەمبەر هانی کەسی نەداوە کە فەرمودە بنووسنەوە نەوەك تێکەڵی قورئان ببێت. دواتر لەپاش وەفاتی پێغەمبەر، کاتێ خەڵك شتیان دەووت بەناوی پێغەمبەرەوە کە ئەو نەیوتبوون. بۆیە بیریان کردەوە کە لێی بکۆڵنەوە کە قسەی پێغەمبەرە یاخود نا. بۆیە کۆکردنەوەی فەرمودە لەپاش وەفاتی پێغەمبەرەوە دەستی پێکرد.

هەروەها لەکاتی ئەم چوار ئیمامە مەزنەدا، ئیمام ئەبو حەنیفە، ئیمام مالیك، ئیمام شافیعی، ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، خوا لەهەموویان ڕازی بێت، هێشتا بەردەوام بووە، تەواو نەکرابوو، دواتر ئیمام بوخاری هات، پاشان ئیمام موسلیم، ئەبو داود، ترمیذي، دواتر پاش وەفاتی چوار ئیمامە مەزنەکە زیاتر ڕێکخستنیان بۆکرا. بۆیە بەپێی ئەو زانیارییانەی هەیانبوو، بۆچوونی خۆیان دەوت. یەکێك لێم دەپرسێت:" زاکیری برام، یانی تۆ لە ئەبو حەنیفە زیرەکتریت؟ زاکیری برام، یانی تۆ لە ئیمام شافیعی زیرەکتریت؟ خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت."

دەڵێم:"نەخێر. هەر هیچ. بەراورد بەوان هەر هیچ نیم. ئەوان زۆر نزیکتربوون لە پێغەمبەرەوە. ما شاء الله لە زانستەکەیان. ناتوانین بەراوردی ئیمانەکەیان بکەین لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆ دەژین."

بەڵام پێویستە بزانین هەروەکو باسم کرد کە کاری کۆکردنەوەی فەرمودە بەردەوام بووە. لەبەرئەوە هەر چوار ئیمامەکە فەرموویانە کە هیچ موسوڵمانێك ناتوانێ بڵێت هەموو

فەرمودە صەحیحەکان ئەزانێت و لایەتی. بەڵام ئەمڕۆ لەبەرئەوەی سەردەمی زانست و تەکنەلۆجیایە، ئەمە ئەمڕۆ. بەڵام لەو سەردەمەدا، لەسەردەمی ئیمامەکاندا، ئەگەر یەکێ بیویستایە حەدیسێك کۆبکاتەوە، دەبوو بە سەدان و هەزاران کیلۆمەتر بگەڕێ، ئەشبوو بیان نوسیێتەوە، ئامێری کۆپی کردن نەبووە.

ئەمڕۆ ئامێری کۆپی کردن هەیە، فاکس هەیە، ئیمەیڵ هەیە. لەم پەڕی جیهانەوە دەتوانیت فاکس بۆ ئەمریکا بنێریت، ئیمەیڵ بنێریت، چەند چرکەیەك و لەوێ یە. لەو سەردەمەدا زانست و تەکنەلۆجیا پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر هەموو فەرمودە ڕاستەکانت بوێت، دەتوانیت بیخەیتە سەر دیسکێك، هەموو بوخاری لە دیسکێکدا، بوخاری و موسلیم، یەك ملیۆن فەرمودە بۆ یەك دیسك، صەحیح و ضەعیف و موضوع جیاکراونەتەوە. بۆیە لەبەرئەوەی ئەمڕۆ زانست و تەکنەلۆجیا پێشکەوتوون، بۆ ئێمە فەرمودە زۆر ئاسان پەیدا دەبێت بەراورد بە سەردەمی ئەم زانا مەزنانە. بۆ نموونە، ئەمڕۆ کە خوێندکارێك

بەکالۆریۆسی هەیە لە زانستدا، لەوانەیە لەڕووی زانیاری زانستیەوە زانیاری لە "ئیسحاق نیوتن" زیاتر بێ. ئیسحاق نیوتن بە باشترین زانای مرۆڤایەتی دانراوە. ئیسحاق نیوتن پلە یەکە.

مایکڵ ئێچ هارت کاتێك کتێبەکەی نووسی "سەد کاریگەرترین کەسایەتی جیهان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا" پێغەمبەری خۆشەویستمانی خستۆتە یەکەم، دووهەمیش ئیسحاق نیوتن. بەڵام ئەگەر یەکێك بێت و لێم بپرسێت، وای دانێ کوڕەکەی تۆ بەکالۆریۆسی هەیە لە زانستدا، یان خۆت بەکالۆریۆست هەیە، ئینجا بپرسێت:"تۆ لە ئیسحاق نیوتن زیرەکتریت؟

سەیرکەن، لەوانەیە زۆر شت هەبێ تۆبیزانیت کە ئیسحاق نیوتن نەیزانیبێتن. بەڵام لەڕووی زانستەوە، ئەو مێشکەی کە ئیسحاق نیوتن هەیبووە، تەنانەت ئەوانەی خەڵاتی نۆبڵیش وەرئەگرن نیانە. ئیسحاق نیوتن مێشکێکی بەتواناو زیرەکی هەبووە بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی کە هەی بووە، بۆیە بە باشترین زانای مرۆڤایەتی دانراوە. بەڵام ئەمڕۆ هەرکەسی بەکالۆریۆسی لە زانستدا هێنابێت،

یان هەر کەسێك، لەوانەیە زانیاری زیاتربێت لە ئیسحاق نیوتن. یان هەموو یاساکانی نیوتن بزانێت، هەڵەکانی نویتنیش ڕاست دەکاتەوە، نەك خۆی کردبێتی، بەڵکو لەگەڵ کاتدا زانای تر هاتوون و هەڵەکانی نیوتنیان ڕاستکردۆتەوە. بۆ کەسێك کە بەکالۆریۆسی زانستی هەبێت، یان هەرکەسێك، لەوانەیە زانیاری لە نیوتن زیاتربێت. بەڵام ئەمە وای لێناکات کەلە نیوتن زیرەکتربێت. بەهەمان شێوە، ئەمڕۆ کە بەئاسانی لێکۆڵینەوە لە فەرمودە دەکەین بەهۆی زانا مەزنەکانەوەیە وەك ئیمام بوخاری، ئیمام موسلیم و زاناکانی تر، تاوەکو سەردەمی ئەمڕۆمان. بۆ ئێمە ئاسانە کە بزانین فەرمودەیەك ڕاستە یان نا بەهۆی زانست و تەکنەلۆجیاوە. نەك ئەمە مانای وابێ ئێمە بەرزترین لە ئیمامەکان، یان ئێمە زیرەکترین، نا، بەهیچ شێوەیەك. من ناتوانم وا بڵێم، کەسیش پێویست ناکا وا بڵێت. نەك ئەوەی ئێمە زیرەکترین، بەڵکو بەهۆی زانست و تەکنەلۆجیاوە زانیارییەکان زۆر ئاسانتر دەستدەکەون.

بۆیە بـا خاڵەکەت بۆ ڕوونکەمەوە، زۆر بەڕوونی. لەبەرئـەوەی دەڵێم بابەتەکە هەستیارە. ڕێز لەهەر چوار ئیمامەکە دەگرین. زانـای مـەزن بـوون. وە چارەسـەر بۆیـەکبوونی ئومـەتی ئیسـلام لەیەکێك لە ئایەتەکاندایە، کە بەو ئایەتە دەستم بە بابەتەکەم کرد. خوا لە سورەتی ال عمران، ئایەتی ژمارە ١٠٣ دا دەفەرموێت:

﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾ ﴾

(بەتوندی دەست بگرن بە گوریسی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن)

گوریسی خوا کامەیە؟ گوریسی خوا بریتیە لە "قورئانی شکۆدار". خـوا دەفـەرموێت: (بەتونـدی دەسـت بگـرن بـە گوریسـی خـواوەو پەرتو بڵاو مەبن) بەیەکەوە بن، وە بڵاو مەبنەوە. دووجـار جـەخت دەکاتەوە. هەروەها قورئـان لـەزۆر شوێنا ئەفـەرموێت: گوێڕایـەڵی خوا بن، وە گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن. خوا لەزۆر شوێنا ئەم داوایە لە موسوڵمانان دەکات، بەلایەنی کەمەوە لە ٢٠ شوێن. لە زیـاتر لـە ٢٠

ئایـەتی قورئـان، خـوا دەفـەرموێت: گوێڕایـەڵی خـوا بـن، هـەروەها گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن.

له سورەتی ال عمران، ئایەتی ژمارە ٣٢

له سورەتی ال عمران، ئایەتی ژمارە ١٣٢

له سورەتی النساء، ئایەتی ژمارە ١٣

له سورەتی النساء، ئایەتی ژمارە ٥٩

له سورەتی النساء، ئایەتی ژمارە ٦٩

له سورەتی النساء، ئایەتی ژمارە ٨٠

له سورەتی المائدة، ئایەتی ژمارە ٩٢

له سورەتی الانفال، ئایەتی ژمارە ١

له سورەتی الانفال، ئایەتی ژمارە ٢٠

له سورەتی الانفال، ئایەتی ژمارە ١٤٦

له سورەتی التوبة، ئایەتی ژمارە ٧١

له سورەتی النور، ئایەتی ژمارە ٤٧

له سورەتی النور، ئایەتی ژمارە ٥٢

لە سورەتی النور، ئایەتی ژمارە ٥٤

لە سورەتی الحزاب، ئایەتی ژمارە ٣١

لە سورەتی الاحزاب، ئایەتی ژمارە ٣٣

لە سورەتی محمد، ئایەتی ژمارە ٣٣

لە سورەتی الفتح، ئایەتی ژمارە ١٧

لە سورەتی الحجرات، ئایەتی ژمارە ١٤

لە سورەتی المجادلة، ژمارە ژمارە ١٣

لە سورەتی التغابن، ئایەتی ژمارە ١٢

لەزیاتر لە ٢٠ ئایەت خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت: گوێڕایەڵی خوا بن، وە گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن. هەروەها گوریسی خوا قورئانی شکۆدار و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەرە(درودی خوای لێ بێت). خوا لە قورئاندا لە سورەتی الانعام، ئایەتی ژمارە ١٥٩دا دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ١٥٩﴾

(بەڕاستی ئەوانەی ئاینەکەیان بەش بەشکردووە و بوونەتە پارچەپارچە، ئەوە تۆ ـ ئەی پێغەمبەر ـ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت) بە پێغەمبەر دەفەرموێت: (... تۆ لەهیچ شتێکدا لەوان نیت، وە کاروباری ئەوان بۆلای خوایە و ئەو هەواڵی کار و کردەوەکانیان پێ دەدات). واتە لایەن درووستکردن لە ئاییني ئیسلامدا حەرامە، قەدەغەکراوە، وە ئەمە لەزۆر شوێنی قورئاندا باسکراوە. خوا ئەم پەیامە دووبارە دەکاتەوە لە سورەتی الروم، ئایەتی ژمارە ٣١ و ٣٢ دا دەفەرموێت:

﴿ ۞ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَوٰةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾

واتە: خەڵکینە: ڕوو بکەنە پەروەردگارتان، بەملکەچی بگەڕێنەوە بۆلای، لەو بترسن و خۆتان لە سزای بپارێزن، نوێژەکانیشتان بەچاکی ئەنجام بدەن، مەبن بەو کەسانەی کە شەریک و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن(٣١)، لەوانەی کە ئاینەکەیان بەش بەش کردووەو بوونەتە چەندەها گرۆو دەستە (بڕوایان

بەهەندێکی هەیەو بڕوایان بەهەندێکی نی یەو کوێرانە شوێن ڕابەرەکەیان دەکەون) هەر گرۆو پارتێکیش دڵخۆش بە بەرنامەو نەخشەو پلانی خۆیان (وا دەزانن چاکترین ڕێبازیان گرتۆتەبەر)(٣١).

خوا ئەم پەیامە دووبارە دەکاتەوە لە سورەتی المؤمنون، ئایەتی ژمارە ٥٣ و ٥٤ دا دەفەرموێت:

﴿ فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٥٣﴾ فَذَرْهُمْ فِى غَمْرَتِهِمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٥٤﴾ ﴾

کە وەکو ئەوانە مەبن ئاینەکەیان دابەش ئەکەن و ئەیکەن بەچەند لایەنێك، هەریەکەیان دڵخۆشە بەلایەنەکەی خۆی، وەکو ئەوەی لەسەر ڕێ ڕاستەکە بێت. خوا پەیامەکە دووبارە دەکاتەوە لەسورەتی الشوری، ئایەتی ژمارە ١٣ و ١٤دا دەفەرموێت:

﴿ ۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ وَمَا تَفَرَّقُوٓا۟

إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى لَّقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُ مُرِيبٖ ﴿١٤﴾

واتە: ڕێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، ئەوەی کەفەرمانی پێکردووە بە _نوح_، هەر بەوشێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی محمد صلی الله علیه وسلم وەحی و نیگا کردووە و بە ئیبراهیم و موساو عیساشمان ڕاگەیاندووەکە ڕێبازی ئاین و یەکخواناسی بەرنەدەن و لەسەری پایادار بن، ئەم بانگەوازە ڕاست و دروستە زۆر بەلای بت پەرست و خوانەناسانەوە گران و زەحمەتە، بەڵام خوای دانا خۆی کەسانی شایستە هەڵدەبژێرێت بۆ گەیاندنی ئاینەکەی ڕێنموویی خەڵکانێک دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ لای بەرنامەکەی بەپەرستن و ئەنجامدانی کاروکردەوەی چاک(١٣)، میللەتانی پێشوو، بەتایبەت گاور وجوو جیاوازی و کێشە دووبەرەکی نەکەوتە نێوانیان، مەگەر لەدوای هاتنی زانستی و زانیاری تەواو بۆیان، کەلەبەر حەسادەت و ستەمکاری و لادانیان لە ڕاستە ڕێگا بۆیان دروست بوو، خۆ ئەگەر بڕیاری پێشووتر لەلایەن پەروەردگارتەوە نەبوایە کە تا کاتێکی دیاریکراو مۆڵەتی داون،

ئەوە فەرمانی تیاچوونیان دەردەکرا، بێگومان ئەوانەی کە بوونە میراتگری کتێبی خوا و گەیەنرا بەدەستیان لە نەوەکانی داهاتوو، کەوتنە گومان و دوودڵیەوە، خەڵکیشیان خستە گومانەوە دەربارەی(١٤).

(ئاین جی بەجیێ بکەن و پایەدارین لەسەری، وە ئاینەکە بەش بەش مەکەن.) هەروەها زۆر ئایەتی تر هەیە لە قورئاندا کە دەفەرموێت لایەن دروست مەکەن. بۆیە لایەن دروستکردن لە ئاینی ئیسلامدا حەرامە، ڕێگەپێنەدراوە. چوار سەرچاوەم داوە پێتان، زۆری تر هەن. بەڵام کاتێك لە موسوڵمانێك دەپرسین: لەسەر چی یە؟ کێ یە؟ هەنێك دەڵێن: من حەنەفیم، هەنێك دەڵێن: من شافیعم. هەنێك دەڵێن: من حەمبەلیم. هەنێك دەڵێن: من سەلەفیم. هەنێك دەڵێن: من ئەهلی حەدیثم. پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی ئێمە چی بوو؟ حەنەفی بوو؟ مالیکی بوو؟ شافیعی بوو؟ حەمبەلی بوو؟ ئەهلی حەدیث بوو؟ سەلەفی بوو؟ چی بوو؟ خوا لە قورئاندا لە سورەتی ال عمران، ئایەتی ژمارە ٦٧ دا دەفەرموێت:

﴿ مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾

(ئیبراهیم (علیه‌السلام) نه جوله‌كه بوو نه گاور بوو، به‌لْكو ئیمانه‌كه‌ی ڕاست بوو، موسوڵمان بوو). خوا له قورئاندا له سوره‌تی ال عمران، ئایه‌تی ژماره ٤٢ دا ده‌فه‌رموێت:

﴿ وَإِذْ قَالَتِ الْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ الْعَٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾

واته: (هه‌روه‌ها یادیان بهێنه كاتێک) جبرئیلی فریشته وتی: ئه‌ی مه‌ریه‌م به‌ڕاستی خوا تۆی هه‌ڵبژاردوه و خاوێن و پاكیزه‌ی كردویت، هه‌ڵی بژاردویت و ڕێزی داویت به‌سه‌ر هه‌موو ئافره‌تانی جیهاندا.

(شوێنكه‌وتوانی عیسا(علیه‌السلام) وتیان، ئێمه موسوڵمانین.)

خوا له سوره‌تی الحج ، ئایه‌تی ژماره ٧٨ دا ده‌فه‌رموێت:

﴿ وَجَٰهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦ ۚ هُوَ اجْتَبَىٰكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ ۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ

شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا
بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ ﴿٧٨﴾

(بەردەوام تێبکۆشن لە پێناوی خوادا بەوشێوەیەی شایستەیەتی، ئەو زاتە هەڵی بژاردوون و هیچ جۆرە گرانیەکی لەسەرتان دانەناوە. ڕێو شوێنی ئیبراهیمی باوانتانە کە هەر پێشتر خوای گەورە ناوی ناون موسوڵمان و لەم قورئانەشدا بە موسوڵمان ناوی بردوون، تا پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوەو ئێوەش ببنە شایەت بەسەر خەڵکییەوە، کەواتە نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن....) کەواتە خوا بە موسوڵمان ناوی بردووین وە لە زۆر شوێنی قورئاندا دەیدۆزینەوە. خوا پێمان دەفەرموێت بە خۆتان بڵێن "موسوڵمان".

خوا لە سورەتی الفصلت، ئایەتی ژمارە ٣٣ دا دەفەرموێت:

﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾

(کێ باشترە لەوەی کە بانگەواز دەکات لە ڕێگەی خوادا، کاری دروست دەکات وە دەڵێت کە من موسوڵمانم.)

لێرەدا خوا نافەرموێت بڵێن: من حەنەفیم، یا شافیعم، یا حەمبەلیم، یا مالیکیم، یا سەلەفیم، یا ئەهلی حەدیثم. خوا ئەفەرموێت: (... بڵێ کە من موسوڵمانم). خوا پەیامەکە دووبارە دەکاتەوە و لە سورەتی الزمر، ئایەتی ژمارە ١٢ دا دەفەرموێت:

﴿ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ الْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ ﴾

(وە فرمانم پێ دراوە کە یەکەمی موسوڵمانانی ئوممەت بم)

وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کلیلی سەرەکی بانگەواز بریتیە لە سورەتی ال عمران، ئایەتی ژمارە ٦٤، کە دەفەرموێت:

﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ ۚ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾

(بڵێن ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ ڕەوانە کراوە، وەرن بەدەم پەیامێکەوە کە هاوبەشە لە نێوان ئێمەو ئێوەشدا، کەس

نەپەرستیّ جگە لە خوا وە هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین، هیچ لایەکمان لاکەی تریان لە جیاتی ئەو زاتە نەپەرستین. ئەگەر سەرپێچییان کرد بڵێن: ئێوە شایەت بن کە ئێمە موسوڵمانین.)

تەنانەت کاتێک قسە بۆ موسوڵمانانیش دەکەین، کاتێک کێشەیەك هەبێت (شایەتی بدەن کە ئێمە موسوڵمانین). خوا بە ڕوونی ئاماژەی پیّ دەکات لە سورەتی الحج، ئایەتی ژمارە ٧٨ دا کە بە موسوڵمان ناوی بردوین، دەفەرموێت:

﴿وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمۡ إِبۡرَٰهِيمَۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ مِن قَبۡلُ وَفِي هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيۡكُمۡ وَتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِۚ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱعۡتَصِمُواْ بِٱللَّهِ هُوَ مَوۡلَىٰكُمۡۖ فَنِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ ٧٨﴾

واتە: هەروەها بەردەوام بن لە خەبات و جیهاد و هەوڵ و کۆشش لە پێناوی خوادا بەو شێوەیەی کە شایستەیەتی، لەبەر خاتری ئەو بێت، ئەو زاتە بۆ ئەوە هەڵی بژاردوون و لە ئاین و بەرنامەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی ناڕەواو قورس و گرانی

لەسەر دانەناون (کە نەتوانن ئەنجامی بدەن، جا ئەم بەرنامەیە) ڕێ و شوێن و بەرنامەی ئیبراهیمی باواتانە کە پێشتر هەر خوای گەورە ناوی ناون موسڵمان و لەم قورئانەشدا بەموسڵمان ناوی بردوون، تا پێغەمبەر ببێتە شایەت بەسەرتانەوە (کە پەیامی خوای پێ ڕاگەیاندوون) و ئێوەش (بە گەیاندنی ئەو پەیامە) ببنە شایەت بەسەر خەڵکیوە، کەواتە نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش (لە ماڵ و سامان و زانستی و هێزتان) دەربکەن و پشت بەخوا ببەستن، چونکە هەر ئەو زاتە یارو یاوەرتانە، جا دڵنیابن کە خوا چەندە یارمەتیدەرێکی چاکە و چەندە پشت و پەنایەکی بەهێزو بە نرخە.

وە بە لایەنی کەمەوە ٧ ئایەت ی قورئان دەفەرموێت بە خۆتان بڵێن موسوڵمان (قل، قل، قل) بڵێن کە موسوڵمانن.

لە سورەتی الفصلت، ئایەتی ژمارە ٣٣

لە سورەتی الزمر، ئایەتی ژمارە ١٢

لە سورەتی ال عمران، ئایەتی ژمارە ٦٤

لە سورەتی البقرة، ئایەتی ژمارە ١٣٦

لە سورەتی الانبیاء، ئایەتی ژمارە ١٠٨

لە سورەتی "القصص" ئایەتی ژمارە ٥٣

لە سورەتی "العنكبوت" ئایەتی ژمارە ٤٦

بە لایەنی کەمەوە لە ٧ شوێندا خوا ئەمە دەفەرموێت: بڵێن کە موسوڵمانن. کەواتە جیاوازی بۆچوون لە کوێدایە؟ سەیرکەن، هەرچوار ئیمامە مەزنەکە، ئیمام ئەبو حەنیفە، ئیمام مالیک، ئیمام شافیعی، ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەمبەل، هەموویانم خۆشدەوێت، ڕێز لە هەموویان دەگرم، هەموویان لام گەورەن، زانای مەزن بوون، بەڵام ئەگەر مێژووی ئەم ئیمامە مەزنانە بخوێنینەوە ئینجا بەڕاستی تێدەگەین کە چییان وتووە.

کاتێك مێژووی ئیمام ئەبو حەنیفە دەخوێنینەوە. دەبینین لە ٧٠١ ی میلادی لە دایك بووە لە ٧٦٧ وەفاتی کردووە بە هیجری ١٥٠ی هیجری وەفاتی کردووە، بە گوێرەی ئەبو یوسف کە یەکێك بووە لە خوێندکارەکانی ئیمام ئەبو حەنیفە کە فەرموویەتی: "ئەی یەعقوب بەوانە بڵێ کە بۆچونەکانی من دەنووسن، چونکە لەوانەیە ئەمڕۆ شتێك بڵێم، بەڵام سبەی وازی لێبێنم. لەوانەیە سبەی

بۆچوونێکم هەبێت، ڕۆژی دواتر وازی لێ بێنم." کەواتە ئەبو حەنیفە(خوای لێ ڕازی بێت) ئەو کەسانەی ناوێت کە بۆچوونەکانی دەنوسن. تەنها بە "یەکبوون" نەبێت، کە بە "اجماع" ناو دەبرێت لە نێوان هەموو زاناکاندا، لە نێوان هەموو خوێنکارەکاندا، کە دوای ئەوە ڕێگەی داون ئەگینا حەزی لەوە نییە خەڵك بۆچونەکانی بنوسن. وە بەگوێرەی یەکێك لە خوێنکارەکانی کە" زوفەر"یە دەفەرموێت کە ئیمام ئەبو حەنیفە فەرمویەتی:" پێویستە وریا بین، ئێمە مرۆڤین، هەڵە دەکەین. وە لە خەڵکی قەدەغە دەکەم کە بۆچونەکان بگوێزنەوە بە بێ پشت ڕاستکردنەوە و تەنها بە پشتبەستن بە بۆچونەکەنم ـ لە خەڵکی قەدەغە دەکەم کە بۆچوونەکان بگوێزنەوە بۆ بڕیاردان، بێ ئەوەی سەلماندبێتم." واتە ئەگەر سەلماندن نەکەی نازانن، بڕیار مەدەن لەسەر قسەکانی من. ڕێگری لەو کەسانە دەکات کە بێ ئەوەی خۆی بیسەلمێنێت، ئەوان بڕیاردەدەن بە پێی قسەکانی ئەبو حەنیفە .

ئەگەر زیاتر بخوێنینەوە کە امام "ابن عبدالبر" هەروەها ئەویش ئیمامە، دەفەرموێت کە ئەبو حەنیفە فەرمویەتی کە:"فەرمودەی صحیح مەزهەبی منە . ئەگەر فەرمودەی صحیحتان بینی ئەوە مەزهەبی منە . ئەگەر هەر حەدیسێکی صەحیحتان بینی ، ئەوە ڕێگەی ژیانی منە ، ئەوە مەزهەبی منە. وە ئەبو حەنیفە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت ـ بە پێی قسەی یەکێ لەخوێندکارەکانی کە ئەبو حەنیفە فەرمویەتی:" ئەگەر هەرفەتوایەکی منتان بینی ، هەربۆچونێکم، کە پێچەوانەی کتێبی خوا بوو یان وتەکانی پێغەمبەر، بۆچوونەکەی من ڕەتبکەنەوە." واتە ئەگەر هەر بۆچوونێکی ئیمام ئەبو حەنیفەتان بینی پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەکەی بوو یان هەر فەرمودەیەکی صحیح کەمەزهەبەکەیەتی، ئەوە بۆچونەکەی ڕەتبکەنەوە.

بۆیە کاتێك پرسیارم لێ دەکەن کە ئەگەر بە ڕێکەوت بەر ئافرەتێك بکەوم دەستنوێژەکەم دەشکێت یاخود نا؟ یان لێم بپرسن لەدوای سورتی الفاتحة بە دەنگی بەرز بڵێم ئامین یاخود نا؟

ئەڵێم لە دوای سورەتی الفاتحة بە دەنگی بەرز دەڵێم ئامین، کاتێك ئیمامەکە لە نوێژی بەیانی یا ئێوارە یا شێوان بە دەنگی بەرز بیخوێنێت. پاش ئەوەی وتی ﴿غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ۝٧﴾ بەدەنگی بەرز دەڵێم ئامین. لەبەرئەوە دەڵێم حەنەفی تەواوم.

ئەگەر حەنەفی بوون ئەوەبێت کە شوێن ئیمام ئەبو حەنیفە بکەویت ، ئەوا ئەڵێم ٪۱۰۰ حەنەفی تەواو حەنەفیم ؛ حەنەفیەکانی تر ٪٦۰ ٪۷۰ن . فەرمودەی صحیح مەزهەبی ئەوە. وەبەپێی "ابن وهاب" دەفەرمووێت:"ڕۆژێك یەکێك هات و پرسی لە ئیمام مالك ئایا لەکاتی دەستنوێژدا دەبێت دەست بخەین لەبەینی پەنجەکانی پێمان؟ ئیمام مالك وتی پێغەمبەر ئەمەی نەکردووە، لەسەرتان نیە. دوای ئەوەی کەسەکە ڕۆشت ، "ابن وهاب" بە ئیمام مالیکی وت و فەرمودەکەی گێڕایەوە، سەنەدەکەی باسکرد و ناوی ڕاوییەکەنی هێنا، کە پێغەمبەر لەدەست نوێژا دەستی خستووە بەینی پەنجەکانی قاچی. بۆیە ئیمام مالك وتی: بەڵێ ئەوە فەرمودەیەکی باشە، حەدیسێکی صحیحە. دوای ئەوە هەرکەسێك

پرسیاری لە ئیمام مالك دەكرد كە دەست بخەین لەبەینی پەنجەكانی پێمان؟ دەیوت: بەڵێ. بۆچونەكەی گۆڕی ، كەواتە هەرچیەك حەدیسی صحیح بوو ، بۆچوونی ئەو لەسەر فەرمودەی صەحیحە."

وە ئیمام مالیك(خوای لێ ڕازی بێت)، فەرمویەتی:"من مرۆڤم، دەكرێت هەڵەبم، وە هەندێ جاریش ڕاستبم. دەكرێت هەڵەبم ، دەكرێت هەڵە بكەم، وە هەندێ جاریش ڕاستبم. بەڵام ئەگەر هەر بۆچوونێكی من پێچەوانەی كتێبی خوا و پێغەمبەرەكەی بوو، بۆچوونەكەی من فڕێ بدەن." ئیمام مالیك (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمویەتی:"ئەگەر هەر فەتوایەك، هەر بۆچوونێكی منتان بینی كە پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەكەی بوو، بۆچوونەكەی من ڕەت بكەنەوە، فڕێی بدەن." كاتێ مەزهەبی مالیكی نوێژ دەكەن دەستیان دەهێننە خوارەوە، بەڵام كاتێك فەرمودەی ئەبو داود دەخوێنینەوە، بەرگی یەك، فەرمودەی ژمارە ٧٥٥ و ٧٥٧ دەفەرموێت: كە دەبێت دەست بگرین، لەخوار ناوكەوە، بەڵام

لاوازن، هەردوکیان لاوازن! بەگوێرەی ئیمام ئەبو داود، بەرگی یەك فەرمودەی ژمارە ٧٥٦ دەفەرموێت: کە دەست لە سەروو ناوکەوە بگرن، کە بەهێزترە لە فەرمودە لاوازەکان. بەڵام فەرمودەی دواتر، ئەبو داود، بەرگی ١ فەرمودەی ژمارە ٧٥٨ دەفەرموێت: لە کاتی نوێـژدا دەست دەگرن لەسەر سنگ. وە دەفەرموێت ئەمە فەرمودەیەکی بەهێزترە. هەرچەندە فەرمودەیەکی "مرسل"ە.

مرسل واتە شتێك لە بەینەکەیدا پەڕیوە بەڵام بە تەواوکاری دەڵێت بەهێزترین فەرمودەیە بە بەراورد بەوانی تر. تەنانەت ئەگەر فەرمودەی "ابن حزیمە" بخوێنینەوە دەفەرموێت: پێغەمبەر دەستی لەسەر سنگی دەگرت کاتێك نوێژی دەکرد. هەرچەندە ئەوەش فەرمودەیەکی "مرسل"ە بەڵام لەگەڵ فەرمودەکانی تردا، شێخ ناصر الالبانی وەك صەحیح پۆلێنی کردوە. بۆیە بە بەهێزترینی هەموو فەرمودەکانە کە دەست چۆن بگیرێ. بەهێزترینان بریتییە لەوەی لەسەر سنگت بێت. بۆیە کاتێ نوێژەکەم دەکەم دەستم لەسەر سنگم دەگرم. بۆیە دەڵێم مالیکی

تەواوم، ئیمام مالیك فەرموویەتی: "ئەگەر هەر فەتوایەكی منتان بینی كە پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەكەی بوو فەتواكەی مز ڕەتكەنەوە." كەواتە ئەگەر مالیكیەكان بلێن ئیمام مالیك وتویەتی با دەست لە خوارەوە بێت، چیرۆكەكەی جیاوازە.

بەڵام ئەوەی مەبەستە ئەوەیە كە دەڵێت كە ئەگەر فەتوایەكی منتان بینی پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەكەی بوو فەتواكەی من ڕەتكەنەوە، بۆیە منیش فەتواكەی ڕەت دەكەمەوە، دەستیش لە سەر سنگم دەگرم، بۆیە من حەنەفی تەواوم، حەنەفی ١٠٠٪ مالیكییەكانی تر٦٠٪ ن لە ٧٠٪ ن. ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە لە ماوەی خەلیفەكاندا، خەلیفەكانی عەباسی، ئەبو جەعفەر، هارونە ڕەشید ـ ئەم دوو خەلیفەیە دەیان ویست كە فەتواكانی ئیمام مالك بنوسن كەپێی دەوترێت "الموطأ" الموطأی مالك. ئیمامی مالك فەرمووی: "لەبەرئەوەی هاوەڵەكانی پێغەمبەر بۆ شوێنی جیاواز بڵاو بوونەتەوە، بڕیارەكانی منیش بە پێی ئەو زانستە سنووردارەیە كە من هەمە. چونكە هاوەڵانی پێغەمبەر بڵاو بوونەتەوە بە ناوچە

جیاوازەکانی جیهاندا، ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم، ئەوەی من ڕاستە یان نا." بۆیە ڕێگەی نەدا بە خەلیفەکان کە "الموطأ" کەی دانێن وەکو یاسا. نەیویست مەزهەبەکەی بکەن بە قانوونی دەوڵەت. بیهێنە بەرچاوی خۆت، ئەوە بیرکردنەوەی ئیمام مالیك بووە(خوای لێ ڕازی بێت). دواتر ئیمام شافیعی هات، ئیمام شافیعی خوێنکاری ئیمام مالیك بوو.

هەروەها خوێنکاری خوێنکاری ئەبو حەنیفە بووە. ئیمام شافیعی فەرمویەتی:"دەشێت بۆ هەر کەسێك کە تاکە فەرمودەیەکی پێغەمبەر نەزانێت، دەکرێت فەتواکەی هەڵەبێت. ئەوە هۆکارەکەیە"، هەروەها فەرمویەتی:"ئەگەر هەر بۆچونێکی ئیمام مالیك یان من، یان الأوزاري، یان الكوثري، بزانە لە کوێ بۆچوونەکەیان وەرگرتووە. واتە بچۆ بۆ سەرچاوەکانیان"، وە دەفەرموێت:"کوێرانە دوای من مەکەون، کوێرانە دوای بۆچوونی من مەکەون، بزانن لە کوێ بۆچوونەکە هاتووە، بۆی بگەڕێرەوە." ئیمام شافیعی (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمویەتی:"ئەگەر هەر

حەدیسێکی صەحیتان بینی ئەوە مەزهەبی منە." بۆیە مەزهەبی ئیمام شافیعی فەرمودەی صەحیح بووە. هەروەها فەرمویەتی:" ئەگەر هەر حەدیسێکی صەحیحتان بینی پێچەوانەی بۆچوونی من بوو، بۆچوونی من ڕەتکەنەوە."

هەروەها فەرمویەتی:"ئەگەر هەر فەتوایەکی منتان بینی پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەکەی بوو، فەتواکەی من ڕەتبکەنەوە." کەوابێت ئەگەر خەڵك پرسیارم لێ بکەن، کە ئەگەر دەستنوێژم هەبێت و بە ڕێکەوت بەر ئافرەتێك بکەوم یا ئافرەتێك بەر من بکەوێت ئایا دەستنوێژەکەم دەشکێت؟

دەڵێم نەخێر_ دەستنوێژەکە ناشکێت. بە پێی فەرمودەی صەحیحی ئەبو داود، وە صەحیحی مسلم، دەستنوێژ ناشکێت، بۆیە شافیعی تەواوم. چونکە ئیمام شافیعی فەرمویەتی:"ئەگەر هەر فەتوایەکی منتان بینی پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەکەی بوو، هەر حەدیسێکی صەحیح، ئێوە فەتواکەی من ڕەتکەنەوە." بۆیە شافیعی تەواو شافیعیم.

شافیعییەکانی تر (٦٠٪ ٧٠٪ ٨٠٪ ن، نەك ١٠٠٪)، من شافیعی ١٠٠٪ م. هەروەها ئەگەر خەبەری مێژووتان هەبێت، ئیمام شافیعی کاتێك لە بەغداد بوو، کتێبی فەتواکانی نووسی، بەناوی "الحجة". دواتر کەچوو بۆ میصر و هاتەوە، لەلای خوێندکاری "امام لیث بن سعد" خوێندی. دوای ئەمە فەتواکانی گۆڕی، زۆربەی فەتواکانی گۆڕی، کتێبێکی تازەی نووسی، "الأم". کەواتە ئێستا کتێبی کۆنی ئیمام شافیعیمان هەیە، الحجة، هەروەها تازەیەکیش، الأم، واتە کە ئیمام شافیعی خوێندی. خەڵك بە هەڵە تێگەشتوون کە چوار ئیمام هەیە. ئیمامی زۆر هەیە. ئەم چوار ئیمامە بەناوبانگ بوون چونکە خوێندکارەکانیان بەردەوام دەرسیان دەوتەوە.

ئیمامی دیکەش هەبوون وەکو ئیمام لیث بن سعد، بەگوێرەی ئیمام شافیعی هەرچەندە کە ئیمام شافیعی خوێندکاری ئیمام مالیك بووە دەفەرموێت: "ئیمام لیث زۆر بەئیمانتر بووە لە ئیمام مالیك. ئیمام شافیعی بتوانێت وابڵێت، ئێمەش دەتوانین. زۆر ئیمامی تر هەبوون. چوارەم ئیمام، (ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)٥.

ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش هەمان بۆچوونی هەبووە . زۆر توند بووە کە ئیمام ئەبو حەنیفە وتوویەتی:"بۆ چوونەکانی من مەنووسن تا یەکلا دەبنەوە ، تا کۆدەبنەوە." ئیمام ئەحمد سورتر بووە چونکە لاسلیی کردنەوە (تقلید) دەستی پێکردبوو. وتویەتی: هیچ بۆچوونێکی من مەنووسن . ئەگەر بۆ چوونێکی منتان بینی جا بۆچوونی ئیمام مالیك بێت یا ئیمام شافیعی یا ئەبو حەنیفە ، بچۆ بۆ سەرچاوەکە . وە ئەگەر هەر بۆ چوونێکی منتان بینی کە پێچەوانەی بۆ چوونی خودا و پێغەمبەر بوو، بۆ چوونی من ڕەت بکەنەوە. لەبەر ئەوە دەڵێم : من ٪ ١٠٠ حەنبەلیم .

ئەگەر حەنبەلی واتە کەسێك کە شوێنی فێرکردنەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەکەوێت ، ئەوە من ٪١٠٠ حەنبەلیم . ئەوانی تریش ٪٧٠ ی ٪٨٠ ئەگەر بڵێیت فێرکردنەکانی ئیمام ئەبو حنیفە (خوای لێ ڕازی بێت) دەتکات بە حەنەفی، ئەوە من حەنەفی تەواوم ، حەنەفی ٪١٠٠ . ئەگەر شوێن کەوتنی فێرکردنەکانی ئیمام مالیك ، دەتکات بە مالیکی ، ئەوە من ٪١٠٠ مالیکیم . ئەگەر شوێن

کەوتنی فێرکردنەکانی ئیمام شافیعی دەتکات بە شافیعی ، ئەوە من ١٠٠٪ شافیعیم . ئەگەر شوێن کەوتنی فێرکردنەکانی ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل دەتکات بە حەنبەلی ، ئەوە من ١٠٠٪ حەنبەلیم . چونکە هەر چوار ئیمامە مەزنەکە فەرمویانە:"ئەگەر فەتوایەکی منتان بینی کە پێچەوانەی خودا و پێغەمبەرەکەی بوو ، فەتواکەی من بدەن بە دیواردا." سەیرکەن ، هەموو مەزهەبەکانی هەر چوار ئیمامە مەزنەکە ، چی بوون؟ مەزهەب واتە چی؟ مەزهەب واتە "بۆچوون" رێگەی رۆیشتن ،وشەیەکی تر بۆ مەزهەب بریتیە لە "سونەت" ، "ابن سنة" واتە "رێگە" سونەتی پێغەمبەر واتە رێگەی پێغەمبەر بۆیە هەر چوار مەزهەبەکە ؛ هەر چوار ئیمامەکە ؛ مەزهەبی پێغەمبەر بوون ، هەموو ئیمامەکان فەرمویانە : ئەگەر فەرمودەیەکی صەحیحتان بینی ، بۆچوونی من رەت بکەنەوە .

واتە هەر چوار ئیمامەکە مەزهابیان مەزهەبی پێغەمبەر بووە. سادەیە، رێگەکەی پێغەمبەر. ئیمام ئەبو حەنیفە (خوای لێ رازی

بێت) هەرگیز نەهاتووە مەزهەبێکی حنیفی تازە داهێنێت. ئیمام مالیك هەرگیز نەهاتووە مەزهەبێکی مالیکی تازە داهێنێت.

ئیمام شافیعی هەرگیز نەهاتووە مەزهەبێکی شافعی تازە داهێنێت. ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل هەرگیز نەهاتووە مەزهەبێکی حەنبەلی تازە داهێنێت. هەموویان شوێن مەزهەبەکەی پێغەمبەر کەوتوون. هەروەکو چۆن مەسیح یەکان بە هەڵە تێکەیشتوون ، کە عیسا (علیە السلام) هەرگیز نەهاتووە بۆ بڵاوبونەوەی ئاینی مەسیحییەت.

بەڵکو هات بۆ فێر کردنی ئیسلام. بە هەمان جۆر، هەر چوار ئیمامە مەزنەکە هاتن زانیاریمان بدەنێ لە فێرکردنەکانی خودا و پێغەمبەرەکەی، مەزهەبەکەیان هیچ مەزهەبێك نەبووە ، مەزهەبەکەی پێغەمبەر نەبێت. خودا لە قورئاندا لە سورەتی النساء، ئایەتی ژمارە (٥٩) (... گوڕایەڵی خودا بن وە گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن ؛ وە فەرمان ڕەواکان ...) فەرمان ڕەواکان کە زانستیان پێ یە. واتە پێویستە گوێڕایەڵی خوا بن، وە

پێغەمبەرەکەی، دوای ئەوە خودا دەفەرموێت وە ئەوانەش کە فەرمان ڕەوان و زانستیان پێ یە . بەڵام ئایەتەکە لێرەدا تەواو نابێت و بەردەوام دەبێت: (... ئەگەر لە شتێکدا کێشەتان بۆ دروست بوو، بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەرەکەی ...) بۆیە ئەوانەی کە زانستیان پێ یە، ئیمام شافیعی، ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل، ئیمام مالیك، ئیمام ئەبو حەنیفە (خودای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت) ئەگەر جیاواز بوون ، بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو پێغەمبەرەکەی .

بۆیە هەر چوار ئیمامەکەشی هەمان شتیان وتووە: "ئەگەر فەتواکەی من پێچەوانەی خودا و پێغەمبەرەکەی بوو، فەتواکەی من ڕەت بکەنەوە." هەمان شت کە خودا دەفەرموێت: (...گوڕایەڵی من بن، گوڕایەڵی پێغەمبەر بن ، وە فەرمان ڕەواکان، ئەوانەی کە زانستیان پێ یە، بەڵام ئەگەر جیاواز بوون بگەڕێنەوە لای خودا و پێغەمبەرەکەی، ئەگەر باوڕتان بە خواو ڕۆژی قیامەت هەیە. بۆیە ئەمە باشترین و ڕاسترین ڕێگەی بڕیار دانە.) هیچ

ڕێگەیەك لەوە باشتر نیە لای خودا کە بگەڕێینەوە بۆ لای خوداو پێغەمەبەرەکەی، زۆر سادەیە . ئیستا هەندێ برا هەن کە دێن و دەپرسن:" زاکیری برام، باشە ئەو کەسانەی زانستیان پێ یە لە قورئان و فەرموده، بۆ ئەوان زۆر ئاسانە چی ڕاستەو چی هەڵەیە کامە فەرمودەی صەحیحە کامە زەعیفە . ئەی ئێمە وەکو موسڵمانێکی ئاسایی ، وەکو موسڵمانی سادە چۆن تێبگەین کامە ڕاستە و کامە هەڵەیە؟" پرسیارێکی زۆر باشە. پێیان ئەڵێم:"واتە لەبەر ئەوەیە کە تەقلید دەکەیت. پێی دەڵێم سەیرکە، تەقلید چیە؟ سەیرکەن بە شوێن کەوتنی زانایەك تۆ نابێت بە شوێن کەوتوو، ناتکات بە (مقلد).

بەڵام ئەگەر دوای سەلماندن دەرکەوت ئەو زانایەی تۆ شوێنی دەکەویت هەڵە بوو وە هێشتا هەر شوێنی بکەویت ئەوە دەتکاتە مقلد. بۆ نموونە ئەگەر دایکت کێشەی دڵی هەبێت، باشە ، کێشەی دڵی هەیە دەچیت بۆ لای کێ؟ زۆر بەپەلە دەچیت بۆلای دکتۆری دڵ. دەگەڕێیت؟ MBBS؟ نا, نا, نا. MD ؟ بەڵێ، بەڵێ.

MD لەچیدا هەیە؟ لە مێشك. نا، نا، لە دڵ؟ ئاه، بەڵێ.

بۆیە پێش ئەوەی بچیتە لای دکتۆر ئەگەڕێیت . سەیر ئەکەی ئاستەکەی چی یە.

MBBS؟ نا، نا.

MD؟ بەڵێ.

MD لەچیدا هەیە؟ لە نەخۆشی ژنان، نا، نا. گورچیلە؟ نا، نا. مێشك؟ نا، نا. دڵ؟ ئاه، بەڵێ.

دەگەڕێیت، دەگەڕێیت ئینجا دەچیت بۆ لای. کوێرانە نا . دەگەڕێت یەکێك لە سەر شەقام وتی :"دایکت جەڵدە لێی داوە، ئاوا بکە. وادەکەیت؟ بە قسەی دەکەیت؟ نا. دەگەڕێیت . بە هەمان جۆر . سێ یەم هەڵبژاردە (گوێڕایەڵی خودا بن، گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن...) سێ یەم هەڵبژاردە (... وە فەرمان ڕەواکان.) کە زانستان پێ یە. دەگەڕێیت. هەر زانایەك شتێك دەڵێت، بگەڕێ بزانە ڕاستە یا هەڵەیە. سەیرکەن هەموو شتێك ناتوانرێت سەیر بکرێت. ئێستا چەندین جیاوازیت هەیە. تۆ وا تێدەگەیت زانای

یەکەم نزیکەی ٣٠،٤٠ سەر چاوەی داوە. منیش ٢٠ سەر چاوەم سەیر کردووە. بیستیان لە بەلگەی قورئان و فەرمودەی صەحیحن. بۆیە ٢١ سەیر ناکەم ئینجا زانای ژمارە ٢ تێکەڵە، بەشێك ڕاستە، بەشێك فەرمودەی صەحیح، بەشێك فەرمودەی زەعیفە. زانای سێیەم، زۆربەی فەرمودەی صەحیحی تیا نیە. بوخاری، صەحیحی بوخاری دەکەینەوە ٧ هەزار فەرمودە زیاتر، تێیدا نادۆزیتەوە. بۆیە زانای زۆر هەیە، تۆزێك بگەڕێ .

یەکەم جار سەیردەکەیت زانای یەکەم. کە قسە دەکات، سەر چاوە دەدات، کاتێ سەیری سەرچاوەکان دەکەیت قورئان و فەرمودەی صەحیحن دوای ئەمە پرسیارێك هەیە لەسەر شتێك سێ زاناش بۆ چوونیان هەیە . ئۆتۆماتیکی شوێنی یەکەم زانا دەکەویت، چونکە سەیری ٢٠ لە سەرچاوەکانم کرد و ڕاست دەر چوون . بۆیە ٢١ ەمینیش ان شاء الله ڕاست دەبێت. بۆیە هەموو کەسێکی ئاسایی ناتوانێت سەیری هەموو شتێکی هەموو کەسێك بکات کە دەیڵێت. لەبەر ئەوە سەیرکردنێکی کەم پێویستە. زانای

یەکەم ئا ئەم زانایەیان، قسە بە پێی قورئان و فەرمودەی صەحیح دەکات. ئەمە یەکەم، زانای دووەم هەندێکی ڕاستە هەندێکی هەڵەیە. سێیەم، زۆربەی هەڵەیە. بۆیە تۆزێك بگەڕێ، وە دیاری بکە کە چ جۆرە زانایەکە. دوای ئەمە ئەگەر شوێنی کەوتی بە بێ هیچ گەڕانێك لەسەر زانای یەکەم ئەوە کێشەی نیە. بەڵام وای دانێ شوێنی زانای یەکەم دەکەویت کە گەڕاویت لە سەری. زانایەکی تر دێت و دەڵێت: "ئەوەی زانای یەکەم دەیڵێت هەڵەیە و دەشی سەلمێنم بە گوێرەی قورئان و فەرمودە." سەیرێکی سەلماندنەکەی بکە. ئەگەر هەڵە بوو ڕەتی بکەرەوە وە شوێنی زانای یەکەم بکەوە.

بەڵام ئەگەر سەلماندنەکە، کە زاناکە داویەتی لە قورئان و فەرمودەی صەحیح بوو، وە پێچەوانەی زانای یەکەم بوو. ئەو کاتە فەتوای زانای یەکەم ڕەت بکەوە. کەوایە، بۆ نموونە کاتێك گوێم لە شتێك دەبێت، ئەوەی ویستبێتم لەم وتارەدا خۆم سەیرم کردووە. بەڵام زۆر زانیاری هەیە لە مێشکمدا کە سەیرم نەکردوە بەڵام

یەکلابوو نەتەوە بۆ نموونە کاتێ گوێم لە قسەیەکی شێخ ناصرالدین البانی دەبێت، ماشاءالله، کە بەم دواییانە کۆچی دوایی کردوە. بە بۆچوونی من یەکێکە لە فەرمودەزانە مەزنەکان بۆ سەردەمێکی ئاوا. بۆیە ئەوەی دەیلێت شوێنی دەکەوم بە متمانەوە. چونکە دەگەرێم ماشاء الله زانایە لە قورئان و فەرمودەی سەحیح .

بەڵام ئەگەر کەسێك وتەیەکم بداتێ پێچەوانەی " ناصرالدین البانی" وە لە قورئان و سونەت منیش لەوانەیە فەتواکەی "ناصرالدین البانی" ڕەت بکەمەوە. مەبەستم ئەوەیە. بەڵام دەزانم کە هەموو کەسێك شایەنی هەڵەیە، ئیمام شافیعی هەڵەی کردووە، ئیمام ئەبو حەنیفە هەڵەی کردووە، ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل هەڵەی کردووە، ئیمام مالیك کردویەتی. ئیتر بۆ ناصر الدین البانی نەیکات ، دەکرێت ئەویش بیکات، بەڵام ئەو سەر بەو زانایانەیە کە لە قورئان و فەرمودە دەگەرێت.

بۆیە ئەگەر یەکێك فەتوایەك بدات لە کەسە ئاساییەکان، ناصرالدين البانيش فەتوایەك بدات، ئەوە شوێن ناصرالدين الباني دەکەوم، ئەگەر کاتم نەبێت، بەڵام ئەگەر بۆ وتارەکە بێت سەیری دەکەم . ئەوەی لە وتارەکەدا دەیڵێم، سەیری دەکەم چونکە بەرپرسم لەوە. بە بۆچونی من ناتوانم سەیری هەموو فەرمودەکان بکەم، سەختە، سەختە بۆ کەسێکی ئاسایی. کە وایە دیاریکردنی ئەو زانایەی لەسەری دەخوێنیتەوە پێویستە، ج کتێبێك دەخوێنیتەوە، کتێبی کێ دەخوێنیتەوە، گوێ لە کاسێتی کێ دەگریت، دیاریان بکە. زانای پشت ڕاست کراو ، ئەو زانایە ٪٢٠ هەڵەی هەیە . ئەم زانایە ٪ ١٥ هەڵەی هەیە.

ئەم زانایە ٪ ١٩ هەڵەی هەیە . دیاریان کە پاشان ئەگەر کاتت نەبوو بگەڕێرەوە بۆ ئەو زانایەی پشت ڕاست بووەتەوە. ئەوە ئیتر پێویست ناکات هەموو شتێك سەیر بکەیت. ئەگەر کاتت هەبوو ئەوە باشترین شتە، بیکە . ئەگەر کاتت نەبوو . هێشتا هەر دەتوانیت، ئەوە پێی ناوترێت تەقلید . بەڵام ئەگەر یەکێك

سەلماندی کە پێچەوانەکەی ڕاستە دیسان هەر کوێرانە شوێنی بکەویت، ئەوە تەقلیدە. تەقلید تەنها بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی دەبێت. (گوێڕایەڵی خوا بن ، گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن...) بە تەنها، کەسی ترنا. سادەیە. هاوکێشەیەکی ئاسانە.

دروستکردنی لایەن لە ئیسلامدا

ئێستا هەندێ کەس دێن و پێم دەڵێن:" زاکیری برا، تۆ وتت لایەن دروست مەکە، بەڵام ئەی پێغەمبەر نەی فەرمووە: ٧٣ لایەن دروست دەبێت؟" دەڵێم:" بەڵێ پێغەمبەر فەرمووی: پەیدا دەبێت. پێغەمبەر نەیفەرمووە: پێویستە ئێوە بیکەن، بەڵکو دەفەرموێت مەیکەن. خواش دەفەرموێت: مەیکەن. هەر چەندە خوا دەفەرموێت: لایەن دروست مەکەن. کەچی موسوڵمانەکان وا خەریکن دروستی دەکەن."

بۆیە پێشبینی کرد پەیدا دەبن. نەی وتووە: پێویستە بیکەن ، وە ئەگەر فەرمودەی صەحیحی ئەبو داود بخوێنینەوە، فەرمودەی ٤٥٩٩ وە فەرمودەی ٤٥٨٠ دەفەرموێت: پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) فەرمووی:"جولەکەکان دابەش بوون بۆ ٧١ یا ٧٢ لایەن، گاورەکان دابەش بوون بۆ ٧١ یا ٧٢ لایەن. موسوڵمانەکانیش دابەش دەبن بۆ ٧٣ لایەن."

هەروەها فەرمودەیەکی الترمیذي هەیە، فەرمودەی ژمارە ١٢١ فەرمودەیەکی تری الترمیذي ژمارە ٢٦٤٣ کە پێغەمبەر فەرمویەتی:"نەوەی ئیسرائیل، جولەکەو گاورەکان دابەش دەبن بۆ ٧٢ لایەن، بەڵام ئومەتی من دابەش دەبن بۆ ٧٣ لایەن، هەموویان ئەچنە دۆزەخ، تەنها یەکێکیان نەبێت. هاوەڵان پرسییان: ئەوان کێن؟ پێغەمبەر فەرمووی: ئەوانەی شوێن من وهاوەڵەکانم دەکەون."

فەرمودەیەکی تر هەیە لە صەحیحی البخاری، بەرگی ٣ ژمارە ٢٦٥٢ پێغەمبەر دەفەرموێت:"باشترین مرۆڤ، چینی سەردەمی منە، کە چینی هاوەڵانە، پاشان چینی دوای ئەوان کە بە تابیعین ناو دەبرێن، پاشان چینی سێیەمی موسڵمانن، کە پێیان دەوترێ تابیعی تابیعین. بۆیە ئەگەر ویستت شتێك وەرگریت و بیزانیت، وەریگرە لە سەردەمی پێغەمبەر واتە هاوەڵەکان، چینی دووەم، تابیعین وە تابیعی تابیعین. بەم شێوەیە ئەم سێ چینە ئەمە پێی دەوترێت سلف الصالحین، پێشینە چاکەکان، سەلەف، واتە:

پێشین یان پێشینان. بۆیە لە شەریعەتدا، بەرزترینیان قورئانە، قسەی خوایە . ئەگەر ویستت شتێك بدۆزیتەوە و لە قورئاندا نەبوو، دەچێت بۆ سەرچاوەی دووەم کە حەدیسی صەحیحە، قسەکانی پێغەمبەر . لە قسەکانی پێغەمبەردا کە بانگەوازی بۆ کردووە قورسایی زیاترە وەك لەوانەی پێغەمبەر خۆی کردوونی . بۆیە ئەگەر فەرمانەکەی و ئەوەی کردوویەتی پێچەوانەبوو، فرمانەکەی قورسایی زیاترە، سێیەم کۆمەڵە بریتیە لە هاوەڵان، اجماع، سێ چەرخەکە، صەحابە، تابیعین ، وە تابیعی تابیعین .

"اجماع" یش لەم کۆمەڵەکەسانە کە صەحابەن قورساییان زیاترە وەك لە تاکە بۆ چوونێکی صەحابەیەك . پاشان تابیعی تابیعین وە کۆتا کۆمەڵە "قیاس"ە. ئەگەر نەت دۆزییەوە لە هیچ کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەکانی سەرەوە، لە قورئان، لە فەرموده، لە ژیانی صەحابەکان، وە تابیعین و تابیعی تابیعین. پاشان دەتوانیت قیاس بەکار بهێنیت "لەیەك چوون". بۆیە شەریعەت ئەم چوار شتەیە بە گشتی، قورئان ، فەرمودە، هیچ فەرمودەیەکی صەحیح

پێچەوانەی قورئان نیە . قورئان یەکەمە پاشان فەرمودەی صەحیح ، لە فەرمودەی صەحیحدا "فەرمان کردن" قورسترە لە "عەمەل"، فرمانەکانی قورسترە لە کردەوەکان، پاشان شێوازی ژیانی سێ چەرخەکە، صەحابەکان، تابیعین، تابیعی تابیعین . "ئیجماع" قورسی زیاترە لە تاکە بۆچونێك، پاشان "قیاس" دێت، کەوایە بەم شێوەیە دەکەین. پێویستە گوێڕایەڵی قورئان بین وە سونەت.

بەڵام ئێستا هەموو لایەنەکان دەڵێن ئێمە گوێڕایەڵی قورئان و سونەتین، کەس ناڵێت گوێڕایەڵی قورئان و سونەت ناکەم. کەوایە چۆن دەبێت شوێن قورئان و سونەت بکەوین؟ بەو شێوەیەی پێغەمبەر و صەحابەکان لێی تێگەیشتوون بەو جۆرەی کە سێ چەرخەکە، صەحابەکان وتیان: خواو پێغەمبەر فەرمویانە. پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمویەتی:"باشترین مرۆڤ چینی سەردەمی منە، پاشان چینی دوای ئەوان، پاشان چینی دوای ئەوان ..." بۆیە ئەگەر جیاوازی لە بۆچووندا هەبوو، کە چۆن لە ئایەتی قورئان تێبگەین، پێویستە بزانین کە چۆن صەحابەکان لێی تێ

گەیشتوون. ئەگەر لەوێدا نەت دۆزیەوە "پاشان چینی دوای ئەوان..." تابیعین، ئەگەر لەوەێدا نەت دۆزیەوە "پاشان چینی دوای ئەوان..." تابیعی تابعین . پێویستە بەم شێوەیە بێت. چونکە زۆربەی ئایەتەکانی قورئان، بۆ نموونە وشەی (مس) دوو مانای هەیە جیماع، لەگەڵ بەریەك کەوتنی ئاسایی کاتێ سەیری فەرمودەکە دەکەین کە جیماعە نەك بەریەکەوتنی ئاسایی و سادە. بەهەمان جۆر کاتێ جیاوازی لە بۆچوندا هەبوو. لە تێگەیشتنی هەر ئایەتێکی قورئان پێویستە لێی تێبگەین، ئەگەر ئایەتێکی تری روونکردنەوەی هەبوو ئەوە قورئان باشترینە. ئەگەر نەبوو بچۆ بۆ فەرمودەی ڕاستی پێغەمبەر.

ئەگەر لەوێشدا نەبوو، لە شێوازی ژیانی صەحابەکاندا، تابیعین، تابیعی تابیعین، تەواو . کەوایە بۆ سەلماندن بۆ "حجة" لە تێگەیشتن لە قورئان و فەرمودەی دروستی پێغەمبەر پێویستە گوێڕایەڵ بین بە گوێرەی خوا وە پێغەمبەرەکەی و سەلەفی صالحین . بەم شێوەیە وەری دەگریت ئەگینا زۆربەی ئایەتەکانی قورئان

دەکرێت دوو مانای هەبێت هەروەکو ئایەتی ژمارە ١٦٩ی سورەتی ال عمران دەفەرموێت: (...ئەوانەی شەهید بوون، نەمردوون بەڵکو زیندوون...) هەندێ کەس دەڵێن کەوایە دەژین. کاتێك قسەیان لەگەڵ دەکەیت، دەڵێن: ئەگەر شەهید زیندوو بێت کەوایە پێغەمبەریش زیندووە. لۆجیکێکی زۆر باشە! بەڵام صەحابە چۆن تێگەیشتوون؟ صەحابە وایان دادەنا کە پێغەمبەر زیندووبێت؟ ئەوان ناشتیان، نوێژیشیان لەسەر کرد . تەنانەت شەهیدەکانیش کە لە جەنگاکاندا شەهید دەکران.

ئایا صەحابەکان نوێژیان لەسەر نەدەکردن؟ نوێژ لەسەر کەسێکی زیندوو دەکرێت؟ نا. کەوایە ئەوەی قورئان دەیڵێت: (...زیندوون...) مانای وایە لە ڕۆژی دوایی ئەوان قازانجیان کردووە، مانای وانیە بە جەستە زیندوون. ئەگەر بە جەستە زیندووبن، بۆچی صەحابەکان دەیان ناشتن؟ بۆیە لێرەدا ئەگەر گران لە ئایەتە قورئانیەکە تێگەیشتیت کە دوو بۆچوون هەیە، بگەڕێوە بۆ قورئات و سونەت، شێوازی صەحابە، سەلەفی صالحین،

ئینجا وەڵامەکەت دەست دەکەوێت. هیچ گرانی تێدا نیە، ئاسانە.
پێویست ناکات ببیت بە زانا، بە لێکۆڵینەوە و بە هەوڵدان، یەك تۆز
، یەك تۆز، زۆر نـا.

چ ناوێك لە خۆمان بنێین؟

ئێستا لایەنێکی تری خەڵك هەن کاتێك لێیان دەپرسم:" ئێوە کێن، ئێوە چین؟" دەڵێن:" ئێمە ئەهلی حەدیثین." دەڵێم:" ئەهلی حەدیث مانای چیە؟" دەڵێن:"ئێمە ئەهلی قورئانین، وە سونەت، قورئان و حەدیث." دەڵێم:"باشە، ئەگەر تۆ ئەهلی حەدیثیت، ئەوە من بە باشی دەزانم بە خۆم بڵێم ئەهلی حەدیسی صەحیح. چونکە من گوێڕایەڵی قورئانم، وە حەدیسی صەحیح. خەڵکی تر هەن کە شوێن حەدیسی لاوازیش دەکەون، هەروەها حەدیسی مەوضوع. ئەگەر تۆ دەتەوێت ناوم لێبنێیت من ئەهلی حەدیسی صەحیحم.

سەیرکە، ئەهلی حەدیث واتە کەسێك شوێن حەدیسی لاواز و حەدیسی مەوضوعیش بکەوێت، بۆیە بە خۆیان دەڵێن ئەهلی حەدیث، ئەگەر دەتەوێت بەناوێك بانگم بکەیت من ئەهلی حەدیسی صەحیحم. بۆیە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت:"برام تۆ بە خۆت دەڵێیت ئەهلی حەدیث، واتە ئێوە تەواون، گوێڕایەڵی قورئان و

سونەتن. باشە من پرسیار دەکەم:"لە چ ئایەتێکی قورئاندا خوا دەفەرموێت بە خۆتان بڵێن ئەهلی حەدیث؟" دەڵێت:"هیچ نادۆزینەوە." هیچ حەدیسێکی صەحیح هەیە، کە پێغەمبەر بێت بڵێت: بە خۆتان بڵێن ئەهلی حەدیث؟ هیچ وەڵام نیە. لەبەرئەوە من بەخۆم ناڵێم ئەهلی حەدیث. بە خۆم دەڵێم موسڵمان، کە وایە من بە تەواوی ئەهلی حەدیسم. ئێوە ٪۹۰، ٪۹۵ لەوانەیە ٪۹۸، من تەواو ئەهلی حەدیسم، ئەهلی حەدیسی صەحیحم. باشە یان نا؟

کۆمەڵێك خەڵکی تر هەن بە هەمان جۆری ئەهلی حەدیث، دەڵێن ئێمە سەلەفین. دەڵێم سەلەف؟ بەڵێ من سەلەفیم. دەڵێم باشە سەلەف چیە؟ دەڵێت سەلەف واتە شوێن کەوتنی سەلەف صالحین. دەڵێم منیش شوێن سەلەف صالحین کەوتووم. گوێڕایەڵی خوام وە پێغەمبەرەکەی وە سەلەف صالحین. چینی سەردەمی پێغەمبەر، وە چینی دوای ئەوان، وە چینی دوای ئەوان. بەڵام دواتر لێی دەپرسم:" ئایا هیچ ئایەتێك هەیە لە قورئاندا خودا بفەرموێت: بەخۆتان بڵێن سەلەف؟" دەڵێت:" نــا." هیچ فەرمودەیەك هەیە

کە پێغەمبەری خوا بفەرموێت: بە خۆتان بڵێن سەلەفی؟ دەڵێت نـا. بـەڵام سـەلەفیەك هـات و فەرمودەیـەکی پێـدام. پێغەمبـەر فەرموەیەتی "من سـەلەفیم" وە خوێندیـەوە، صـەحیحی موسلیم. کەوایـە سەرچـاوەکەم پێبـدە. وتـی باشـە، سـەیری صـەحیحی موسلیم کرد. با بگەڕێین، فەرمودەیەك هەیـە، صـەحیحی مۆسلیم ژمـارە ٢٤٥٠ یـان شـتێکی وا، دوو هـەزار و چـوار سـەد و پـەنجا و شـتێك. فەرمودەیـەکی صـەحیحە، بـەڵام فەرمودەیـەکی دوور و درێژە.

ئـــەوە لــــە نێوانەکەیـــــەتی . تـــــەواوی فەرمودەکـــــە دەڵێت:"محمد(درودی خوای لێ بێت) بـە فاتیمـەی وت (خـوای لـێ ڕازی بێت) کە من سەلەفێکی نایابم بۆ تۆ."

باوك بە کچی خۆی دەڵێت. پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) بە کچـەکەی خـۆی فـەرموو، فاتیمـە (خـوای لـێ ڕازی بێـت)، مـن سەلەفێکی نایابم. هەر وەکو پێم وتن "سـەلەف" بـە پێـی وشـە لـە عەرەبیـدا واتـە "پێشـین" یـان "پێشـینان" بۆیـە ئەگـەر مـن بـە

کچەکەم بڵێم: من سەلەفی تۆم. هیچ کێشەیەکی تێدا نیە. وە عەرەب کە گاور بوون ئەگەر بە عەرەبی بە کچەکانیان بڵێن: ئێمە سەلەفی ئێوەین. هیچ کێشەیەکی تیا نیە. بۆیە بە پێی وشە هیچ کێشەیەکی تیا نیە. بەڵام بە پێی ئیسلام، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) سەلەفێکی نایاب بوو بۆ کچەکەی. بەڵام لێرەدا، هەموو باوکێك لە وانەیە نەتوانێت ببێت بە پێشینێکی موسوڵمانی نایاب بۆ کچەکەی. لەوانەیە کچەکەی یا منداڵەکانی بە ئیمانتر بن وەك لە باوکەکەی. بۆیە هەموو باوکێك ناتوانێت وا بە کچەکەی بڵێت.

بە پێی وشە ئەگەر لە وشەی "سەلەف" تێبگەین، بە پێی زانایان، زانا مەزنەکانی سەلەفیەکان دەڵێن کە بە پێی وشە ئەمڕۆ هیچ کەسێك ناتوانێت ببێت بە سەلەفی، سەلەف لە پێش ئێمە بوون. بۆیە بەراورد بەوانەی پێشوو، ئێمە خەلەفین. ئێمە دەبین بە سەلەف بۆ منداڵەکانمان، منداڵی منداڵەکانمان، منداڵی منداڵی منداڵەکانمان. بۆیە بە تەکنیکی دەکرێت ئێمە سەلەفی بین، بەڵام بە پێی ئیسلام ناتوانین. بە پێی ئیسلام ئێمە خەلەفین.

کاتێك چووم بۆ ئوستراليا. یەکەم جار کە چووم بۆ ئستوراليا، چووم بۆ وتارێك کۆمەڵێك برا هەبوون، ماشاء الله لە سەر قورئان و سونە بوون، فەرمودەی صەحیح. بانگیان کردم بۆ وتارێك. وە ئاسایی ئێمە وەڵاممان دانەوە. کە دێین. وە گەیشتینە ئەو شارە، من گلەیی لەو کۆمەڵە برایە ناکەم، ماشاء الله یان لێ بێت. شەو گەیشتین. من گروپی کامێراکەم لە گەڵدابوون، نوێژمان کرد. برایەك وتی:" ئای، تۆ وەکو ئێمە نوێژ دەکەیت؟" وتم:"مەبەستت چیە نوێژ وەکو ئێوە؟ من وەکو پێغەمبەر نوێژ دەکەم." ئەو کۆمەڵە شوێنکەوتەی قورئان و فەرمودەی صەحیح بوون. پێویست بوو چیان بوتایە؟ ئێمە شانازی دەکەین کە تۆ وەکو پێغەمبەر نوێژ دەکەیت؟ نەك وەکو من نوێژ دەکەیت. هەرگیز پێشتر ئەم بینیبوو نوێژ بکات، چەند ساڵە نوێژ دەکەم، بۆیە وەکو ئەو نوێژ ناکەم، وەکو پێغەمبەر نوێژ دەکەم. الحمد الله.

هەروەها وەکو پێغەمبەر نوێژی دەکرد. بەڵام وتی: هێی تۆش وەکو ئێمە نوێژ دەکەیت. زۆر دڵی خۆش بوو. چونکە کاتێ

بانگیان کردم کاسێتەکانی منیان بینیبوو. دەیان زانی زاکیر باسی دین بەراوردکردن دەکات. بەڵێ زۆر باشە، بەڵام عەقیدەی منیان نەدەزانی. نەیان دەزانی چۆن نوێژ دەکەم. بۆیە بە نابەدڵییەوە بانگیان کردم. بەڵام کاتێك منیان بینی نوێژدەکەم، دڵخۆش بوون.

ئاه، ئێ تۆش وەکو ئێمە نوێژ دەکەیت. وتم نا من وەکو پێغەمبەر نوێژ دەکەم، بەڵام ماشاءالله برای باش بوون. نانی ئێوارەمان خوارد و وتارێکی باشمان هەبوو. هەمان بابەت، وتم من شافیعی تەواوم، وە کاتێك هاتمە سەر سەلەف، وتم من سەلەف تەواوم، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا قورئان ناڵێت بە خۆتان بڵێن سەلەف، یا هیچ حەدیسێکی صەحیح نیە کە پێغەمبەر بفەرموێت بە خۆتان بڵێن سەلەف، بۆیە زۆربەی براکان قسەکەمیان قبوڵ کرد، جگە لە یەك کەس، برایەك ناڕازی بوو. هەموو براکانی تر ماشاءالله وتیان: ڕاستە زاکیری برامان، قسەکەتمان قبووڵە. یەك برا پرسیاری لێ کردم: "زاکیری برام، تۆ شێخ ناصرالدین الألباني دەناسیت؟"

وتم:" بـەڵێ دەیناسـم." وتـی:"بەلاتـەوە چۆنە؟" وتم:"ماشـاءالله، یەکێك لە موحەدیسە مەزنەکانی سەردەمی ئەمڕۆ." چەند ساڵێك لە مەو پێش کە شێخ ناصرالدین لە ژیانابوو. وتی:" ئـا، پێت باشە." وتم:"بــەڵێ، زانایــەکی مەزنــە، ڕێــزی دەگــرم، خۆشمــدەوێت." وتی:"باشە، قسەیەکی ئـەوت دەدەمـێ." چـوو بـۆ ئینتـەرنێت، لـە پێگەی albani.com فەتواکانی داونلۆد کرد.

شێخ ناصرالدین الألبـاني (خـوای لـێ ڕازی بێـت) خۆشمـدەوێت، بەگەرمی ڕێـزی دەگـرم، نمونەیـە، ماشـاءالله. دوو جـۆر زانـا هـەن، جۆرێکیـان دەڵـێن:"سـەلەف بـوون فـەرزە." ئـەویش یەکێکـە لـەم جۆرەیان. یەکێك لـە توندەکان، کـە دەڵـێن سـەلەف بـوون فـەرزە، بۆیە منیش وتم الحمد الله هەر کەسێ بۆم بسـەلمێنێت لـە قورئـان و فەرموودەی صەحیح، ئـەمڕۆ قبـوڵی دەکـەم. بـەڵام سـەیری دەکـەم ئەگەر یەکێك بۆم بسەلمێنێت لە قورئان و فـەرموودەی صـەحیح کـە "فەرزە بە خۆت بڵێیت سەلەف" یان "فەرزە بە خۆت بڵێیت ئـەهلی حەدیث" یان "فەرزە بە خۆت بڵێیت حەنەفی" یان "مـالیکی" ئـەوە

بەخۆم دەڵێم بە کردەوە من وام، بەڵام وەکو ناو وا باشە لام بە خۆم بڵێم "موسڵمان". بۆیە کاتێک سەیری فەتواکانی شێخ ناصرالدين الألباني دەکەم، فەتوای زانا مەزنەکان باس دەکات دەفەرموێت:"ئەبو داود لە فەرمودەیەکدا ئاماژەی پێ دەکات کە ۷۳ لایەن پەیدا دەبێت هەموویان دەچنە دۆزەخ، جگە لە یەکێکیان کە (جماعة) یە.

" ئەگەر سەیری سەرچاوەش بکەیت "جماعە" واتە سێ چینەکەی یەکەم، لەسەر چاوەی صەحیحی بوخاری. ڕازیم بەوە. دەڵێت:" ئیمام ئەبو حەنیفە فەرموویەتی کە "جماعة" واتە شوێن کەوتنی ڕێگەی صەحابەکان، چینی دوای ئەو، پاشان چینی دوای ئەو. سەلەف صالیحین." وتم: من وا دەکەم. باسی دەقەکەی شێخ "ابن تيمية" دەکات کە "واجبە شوێن سەلەف صالحین بکەوین". وتم: وا دەکەم. فەتواکەی ئیمام شافیعی باسی دەکات کە "واجبة" کە شوێنی سێ چەرخەکەی یەکەم بکەوین، پێشینی ڕاست ڕەو. وتم من وا دەکەم، کێشەکە چیە. بەڵام ئایا ئەوان وتویانە بە خۆت

بڵێ سەلەفی. ئەبو حەنیفە هەگیز وای نەوتووە. ئیمام شافیعی هەگیز وای نەوتووە.

شێخ ابن تيمية هەگیز وای نەوتووە، خەڵك گۆڕیویانە. هەرگیز وایان نەوتووە. بۆیە ئێستا هیچ سەلماندنێك نیە لە قورئان و فەرمودەی صەحیح کە بە خۆت بڵێی سەلەفی. "قیاس" ێك هەیە، لۆجیکیکی شێخ ناصرالدين الأباني، ماشاء الله شێخ ناصرالدين الأباني نمونەیە، زانایەکی زۆر باشە. کۆڕێکی پرسیار و وەڵام هەبووە، وەکو چۆن ئێمە کۆڕی پرسیار و وەڵامان هەیە. ئەگەر بچیت بۆ سایتی شێخ ناصرالدين الأباني، هەوڵ دەدات بە لۆجیك باوڕیان پێ بکات کە بۆچی پێویستە بەخۆت بڵێیت سەلەفی. پرسیاردەکەن و شێخ وەڵام دەداتەوە. شێخ ئەڵێت:"چیت؟" پرسیارکەر:"موسڵمانم." شێخ ناصرالدين الأباني:" چ جۆرێکی موسڵمانیت؟ خەواریجیت؟ موعتەزیلەیت؟ شیعەیت؟ ڕافیزیت؟ قەدەریت؟ چ جۆرێکی موسڵمانیت؟" پرسیارکەر:"موسڵمانێکم کە شوێن قورئان و سونەت کەوتووم." شێخ:"چ سونەتێك؟ هەموو

لایەك دەڵێن شوێن قورئان و سونەت کەوتووین؟ خەواریج دەڵێت شوێن قورئان و سونەت کەوتووین. شیعە دەڵێت قورئان و سونەت. قەدەری دەڵێت قورئان و سونەت. چ جۆرێکی قورئان و سونەت دەڵێیت؟" پرسیارکەر:"شوێن قورئان و سونەت کەوتووم بەو جۆرەی سەلەف سالح لێی تێگەشتوون." شێخ:"بەڵی، زۆر باشە، پێویستە شوێن قورئان و سوننەت بکەوین بەو شێوەیەی سەلەف صالح لێی تێگەشتوون.

بۆیە بۆ ئەم دێرە درێژە، بەشێوەیەکی کورت، وشەکە «سەلەف»یە. وە گفتوگۆکە تەواو بوو. بە بۆچوونی سەلەفیەکان. گفتوگۆکە تەواو بوو. ئەگەر بچینە سەر ئینتەرنێت. من رێز لە شێخ ناصرالدين الأباني دەگرم، زۆربەی وتارەکانم، کاتێك دەمەوێت لە فەرمودەیەك بکۆڵمەوە سەیری ئەوەی ئەو دەکەم، رێزی دەگرم، ماشاءالله، خۆشم دەوێت، بەرێزە لەلام، بەڵام بە بێ تەقلید، تەقلید تەنها بۆ خودا و پێغەمبەرەکەیەتی. باشە، سەیرکە، ئەمە لۆجیکە، ئەمە قیاسە. من دەڵێم بۆم بسەلمێنە لە قورئان و سونەت، نەك

لۆجیك. سوپاس بۆ خوا، خودا ڕەحمی بە من کردووە بە لۆجیك، سوپاس بۆ خوا. من زانانیم، خۆم بە "طالب العلم" دادەنێم. بەڵام خودا ڕەحمی پێ کردووم کە سەردانی زۆربەی زانایانم کردووە، جا زانا مەزنەکانی هیندستان بێت ، لە دێوبەندی بێت، زاناکانی سعودیە بێت، الحمدالله، زانای شوێنەکانی تری جیهان بێت. خوا ڕەحمی پێ کردوم کە بۆم ڕەخساوە، کە دابنیشم لەگەڵ زانا مەزنەکانی ئەم سەردەمە. سوپاس بۆ خوا، بە دانیشتن لەگەڵیاندا خودا زانیاری زیاد کردووم، بەڵام هێشتا خوێندکارم بە زانیاریەکی کەم و سنووردار. بەڵام لۆجیك هەیە، الحمدالله، خودا ڕەحمی پێ کردووم بە لۆجیك . بۆیە بە پێی ئەوە، ئایا چ جۆرە موسڵمانێکیت؟

خەواریجیت؟ موعتەزیلەیت؟ شیعەیت؟ قەدەریت؟ سۆفیت؟ لەسەر ئەوە گفتوگۆکەی بردەوە. سەیرکەن، کاتێ شێخ وەڵامی دایەوە. پرسیارکەر:" بەڵام ئایا خودا نەی فەمووە بە خۆتان بڵێن موسڵمان؟" شێخ:"لەو کاتەدا یەك جۆر ئیسلام هەبووە، ئێستا

گروپی جیاواز هەیە، لەبەر ئەوە فەرزە، واجبە کە خوت بە سەلەف دیاری بکەیت." ئێستا نۆرەی وەڵامی منە. گفتوگۆ لەوێدا تەواو بوو. شێخ ناصرالدین الألباني گفتوگۆکەی بردەوە. بۆ من، گفتوگۆم لەگەڵ مەکەن. بۆم بسەلمێنن لە قورئان و سونەت یەکسەر د.زاکیر نایك ڕازی دەبێت. لە گفتوگۆ کردن، سوپاس بۆ خوا، خوا هیدایەتی داوم. وەڵامی من بۆ شێخ ناصرالدین الألباني، ڕێزی ئەگرم، بەراورد بەو من هیچ نیم، دڵۆپی دەریایەك نیم بەراورد بە شێخ ناصرالدین الألباني. بۆیە تکایە هەڵە لێم تێمەگەن. لەزۆربەی وتارەکانم پشت بە لێکۆڵینەوەکانی ئەو دەبەستم. بۆیە تکایە هەڵە لێم تێمەگەن. خۆشمدەوێت، ڕێزی دەگرم.

بەڵام بە بێ تەقلید. پێی دەڵێم:" باشە، ئەگەر سەیری سەردەمی مێژووی پێغەمبەر بکەیت. فەرمودەیەکی پێ نەوتووم، هیچ ئایەتێکی قورئانی بۆ باس نەکردووم کەبە خۆت بڵێیت سەلەف. بۆیە وا ناڵێم. ئێستا لۆجیك. لەسەردەمی پێغەمبەر، دووڕووەکان هەبوون، مونافیقەکان. باشە مونافیق هەبوو، صەحابەکان

ناوەکەیان نەگۆڕی. خەوارج هەبوو، خەڵك ئەم ناوەی لێ نان، صەحابەکان هەر بە خۆیان دەوت موسڵمان. ئایا صەحابە وتیان با ناوێکی تازە دابنێین؟ نا، بەردەوام بوون لەوەی بە خۆیان بڵێن موسڵمان. موعتەزیلە هەبوون ، خەڵك هەر بە خۆیان دەووت موسڵمان.

بۆیە لەو کاتەشدا جیاوازی هەبووە. هەبووە یا نەبووە؟ ئێستا با بچین بۆ پرسیارەکە. شێخ ناصرالدين الأباني وتی:"پێویستە بەخۆت بڵێی سەلەف." ئەمە پرسیارەکەمە:" کام سەلەف؟" پرسیار دەکەم:"دەزانن چەند جۆر سەلەف هەیە؟ ئایا قرطوبیت؟ یان سوروریت؟ یان مەدخەلیت؟" دەتوانم ناوی تری سەلەف بڵێم. سەیرکە، من دژی کەس قسە ناکەم، تکایە هەڵە لێم تێ مەگە. مەبەستم خراپ کردنی هیچ کامیان نیە. بەڵام لە سەلەفیشدا گروپی جیاواز هەیە. وە ئەگەر بچیت بۆ بەریتانیا، ماشاءالله، سبحان الله، الله اکبر، گروپی زۆر زۆر هەیە. لە بەرتانیا هەر گروپەی شەڕ لەگەڵ گروپەکەی تر دەکات و دەڵێن سەلەفیەکەی تر کافرە، پەنا بەخوا.

کەوایە سەر بە کام سەلەفیت؟ دیسان. سەیرکەن هەر ناوێك لە خۆت بنێیت سەر دەکێشێت بۆ جیاوازی، کە شیعە پەیدا بوو، خەڵك وتیان ئێمە سونین، دیسان گروپی "ئەهلی سونە و جەماعەت" جیابوونەوە، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی، مالیکی، ئینجا سەلەفی، ئەهلی حەدیث، دابەش بوون لە مانیشدا هەیە. هەر کاتێك ناوێك نرا لە لایەن مرۆڤەوە، بەرەو جیا بوونەوە سەردەکێشێت. تەنانەت بە ناوی خواشەوە موسوڵمان جیاوازیان تێ کەوتووە. خودا ئەوەی فەرمووە.

بۆیە وا مەزانە ئەو ناوەی تۆ دەینێیت جیاوازی تێناکەوێت. وا مەزانە کە خوا نایزانێت. خوا دەزانێت جیاوازی دروست دەبێت لە ئومەتی ئیسلامدا. لە قورئاندا فەرمویەتی، پێغەمبەر پێش بینی کردووە. تەنانەت پێغەمبەر نەیفەرمووە بە خۆتان بڵێن ئەهلی حەدیث یا سەلەفی.

ئەهلی حەدیث؟ کام ئەهلی حەدیث؟ لە بۆمبای کە من خەڵکی ئەوێم دوو ئەهلی حەدیث هەیە "جەمعیە ئەهلی حەدیث" و "گروپی

ئەهلی حەدیث" کەوایە ئێستا من سەر بە کام ئەهلی حەدیثیانم؟ ئەهلی حەدیسێکان گلەیی لە ئەهلی حەدیسەکەی تریان دەکات. سەیرکەن، من هیچ مەبەستم ئازاردانی ئەهلی حەدیث نیە. لەبەر ئەوەیە کە وتم بابەتەکە هەستیارە. سوێند بە خوا من تەنها دەمەوێت باسی خودا و پێغەمبەرەکەی بکەم. هەستت بەرامبەرم خراپ نەبێت. ڕێز لە شێخ ناصرالدین الأباني دەگرم. ڕێز لە سەلەف دەگرم. لە هەموو ئەو گروپانەی کە هەیە. پێویستە ڕازی بین کە ئەهلی حەدیث و سەلەف نزیکترینن لە قورئان و سونەت. بە شانازیەوە ئەوە دەڵێم. بەڵام، کام سەلەف؟ بۆیە لەوانەیە لە سەردەمی شێخ ناصرالدین الأباني یەك گروپی سەلەف هەبووبێت. ئێستا چەند گروپێکن. "سووروری" "مەدخەلی" "قرطوبي".

ئێستا کتێبی تازە هەیە "سەلەفی ڕاست" ، "سەلەفی ڕاست". کتێبم لەسەر دەعوەی سەلەفی خوێندەوە "سەلەفی ڕاست". "سەلەفی ڕاست"ی چی؟! دەزانن بەرنامەیەکی دەعوەمان هەبوو لە بۆمبای. خەڵك لە شوێنی جیاوازی جیهانەوە بانگهێشت کرابوون. لە

٥٠ بۆ ٩٠ وڵاتی جیاواز. وە زۆربەیان لە زانکۆی مەدینەوە هاتبوون، ماشاءالله، لە زانکۆی مەدینەوە، هەموویان... زیاتر لە نیوەی سەلەفی بوون، وە گفتوگۆمان کرد لەوێ. پرسیارم کرد، سەلەفی ناوێکی کورتە بەدرێژی واتە "من باوڕم بە قورئان و فەرمودە هەیە بەو جۆرەی سەلەفی صالحین تێی گەشتووین" بە کورتی "سەلەفی".

بۆیە پرسیم:"سەلەفی صالحین باشترن یان محمد (درودی خوای لێ بێت)؟ کامیان باشترە؟" پێیان وتم:"محمد (درودی خوای لێ بێت)." ئەی کەوایە بۆچی بەخۆتان ناڵێن "محمدی"؟ ڕاستە یا هەڵە؟ لە هیندستان بە کێ دەوترێت "محمدی"؟ دەزانیت؟ کێ پلەی بەرزترە محمد (درودی خوای لێ بێت) یان خوا؟ خوا. بۆیە ئەوەی ملکەچی فرمانی خوا بێت پێی دەوترێت "موسوڵمان" ئێمە دەزانین جیابوونەوە هەیە لە نێوان موسڵمانان . بەڵام هەر ناوێك بنێیت دەبێتە هۆی جیاوازی. لە مەزهەبی حەنەفیدا چوار خوێندکار هەیە . لە مەزهەبی شافیعیدا "قدیم" و "جدید" هەیە . لە ئەهلی حەدیثدا ، چووم بۆ کشمیر کۆمەڵێك ئەهلی حەدیث هەیە، چووم بۆ

کەرێلا "موجاهیدین" هەیە. بە خۆیان نالێن ئەهلی حەدیث بەڵکو "موجاهیدین".

ئەگەر بچیت بۆ سعودیە بلێیت من ئەهلی حەدیثم ، دەڵێن ئەم ئەهلی حەدیسە تازەیە چی یە؟ کۆمەڵێکی کەمی سعودیە دەزانن کە ئەهلی حەدیث چی یە. لای ئەوان سەلەف هەیە . بەڵام سەلەف و ئەهلی حەدیث سەر بە یەك شێوەن، سەر بە یەکن، بەڵام لە ناودا جیاوازن. لە هەندێ وڵات "ئەنصاری"، لەبەرچی؟ بۆیە کاتێك دەڵێن بە خۆتان بڵێن سەلەف، مانای وایە ئەهلی حەدیث لە هیندستان سەلەف نین؟ بۆیە بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەگەر دەتەوێت ناوێك بێنیت لە جێی "سەلەف" "محمدی" باشترە ، لە جێی "محمدی" یش "موسڵمان" . بۆیە دەڵێم:"گوێڕایەڵی خوا بن، گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن" بۆیە دەڵێم من، بۆ ناو نان، من وام لام پەسندە بە خۆم بڵێم "موسڵمان" هەر ئەوە . لە سەرەتاوە "موسڵمان" لە کۆتاوە "موسڵمان" . من ئازاری هیچ برایەکی موسڵمانم نادەم ، حەنەفی بێت یان شافیعی بێت یان حەنبەلی بێت

یان مالیکی بێت یا ئەهلی حەدیث بێت یان سەلەفی. هەموو لایەکم خۆشدەوێت، هەموو برا موسڵمانەکانم خۆشدەوێت . من بۆ ئەوە لێرەنیم بۆ ئازاری هەستی کەس بدەم. بۆیە دەڵێم (...وەرن بە دەم بەرنامەیەکەوە کە هاوبەشە لە نێوان ئێمە و ئێوە شدا...) من دەچم بەدەم بەرنامە هاوبەشەکەوە. ڕێز لە ئیمام ئەبو حەنیفە دەگرم، ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل ، ئیمام مالیك ، ئیمام شافیعی، ڕێز لە زانا مەزنەکان دەگرم. ڕێز لە سەلەفی صالحین دەگرم . شوێنیان دەکەوم، سوپاس بۆ خوا. لە سەرەتاوە "موسوڵمان" لە کۆتاوە "موسوڵمان" .

دروستکردنی ڕێکخراو لە ئیسلامدا

هۆکاری دووەمی یەك نەبوون و لێکترازان بریتیە لە: سەر بە چ ڕێکخراوێکیت؟ ڕێکخراو؟ من سەر بە جەماعەتی ئیسلامیم، من سەر بە جەماعەتی تەبلیغم، ئیخوانی. سەریکە ئەگەر شوێن قورئان و سونەت بکەویت بەڵام سەر بە ڕێکخراوەکەی من نەبیت . من لەگەڵتدا نیم. سەیرکە، دروسکردنی ڕێکخراو هەڵە نیە لە ئیسلامدا. ناونانی ڕێکخراو "جەماعەتی ئیسلامی" جەماعەتی ئەهلی حەدیث کێشە نیە. هەر ناوێك بێ . "جەماعەتی ئەهلی حەدیث" "جەماعەتی ئیسلامی" یان ناوێك سەر بە ناوی شێخ ابن تیمیە، هەر ناوێك، کێشە نیە.

بەڵام، ئەگەر ڕێکخراوەکە شوێن قورئان و سونەت کەوتبێت بە شێوازی سەلەفی صالح، ئەوە ڕێخراوێکی ڕاستە. ئەگینا هەر ناوێکی لێ بنێیت هەڵەیە، ئەگەر بە ناوی ئیمام عومەریشەوە بێت (خوای لێ ڕازی بێت)، بە ناوی ئیمام ابوبەکریشەوە بێت (خوای لێ ڕازی

بێت)، بە ناوی ابن تیمیە شەوە بێت (خوای لێ ڕازی بێت)، بە ناوی ئەبو حەنیفەشەوە بێت (خوای لێ ڕازی بێت) کێشە نیە. کێشە نیە ئەگەر ڕێکخراوەکە شوێن قورئان و فەرمودەی صەحیح کەوتبێت بە تێگەیشتنی سەلەف صالح، ئەوە ڕێکخراوێکی ڕاستە.

ئەگەر نا، ڕێکخراوەکە ڕەت بکەرەوە ئیتر هەر ناوێکی هەبێت با بە ناوی ابن تیمیەوە بێت، یا سەلەف، یا ئەهلی حەدیث. بۆیە دروستکردنی ڕێکخراو هەڵە نیە لە ئیسلامدا، چونکە ئێمە تایبەت کراوین بە دەعوەوە، کۆمەڵێك تایبەت کراون بە چاکسازیەوە، کۆمەڵێك تایبەت کراون بە زانستەوە، کێشە نیە.

بەڵام ئەگەر دوو ڕێکخراو دەعوە بکەن، دوو ڕێکخراو هەردووکیان شوێن قورئان و سونەت کەووتون، بەڵام لەبەر ئەوەی سەر بە ڕێکخراوەکەی من نیە، من دژی ئەوم . دەست دەکەم بە فەتوا نووسین، چ فەتوایەك؟ کە ئەو کەسە کافرە. تەکفیرکردن! ڕاستەوخۆ دەزانن خەڵك وتویەتی مەڕۆن بۆ کۆڕی "پیس". بۆچی؟ لەبەرئەوەی سەر بە ڕێکخراوەکەی من نیە، ئەگەر ڕێکخراوەکەی من بوو، ئەوە باشە.

ئەگەر ڕێکخراوی ئەو کۆمەڵە بێ کە من سەر بە ئەوانم، ئەوە باشە. ئەگەر ڕێکخراوی جەماعەتەکەی من نەبوو، ئەوە ڕێکخراوێکی باش نیە، کۆڕێکی باش نیە. بۆچی ؟ پێویستە سەیری خودا و پێغەمبەرەکەی بکەین. ئەگەر ڕێکخراوەکە، کۆڕەکە شوێن قورئان‌و فەرمودەی صەحیح کەوتبوون بە شێوەی تێگەشتنی سەلەفی صالح ئەوە ڕێکخراوێکی ڕاستە، کێشە نیە. بۆیە ڕێکخراو دروستکردن کێشە نیە. ئەوەنەی ڕێکخراوەکە لەسەر قورئان و فەرمودەی صەحیح بێت. بۆیە ئەگەر دەتەوێت بچیتە ڕێکخراوێك، زۆر باشە بۆ تۆ، کە ڕێکخراوەکە ڕاست بێ یان لەسەر قورئان و فەرمودەی صەحیح بێت. ئەگەر جیاوازیش لە تێگەشتنی قورئان و حەدیثی صەحیح هەبوو، پرسیاری تێگەیشتنی سەلەفی صالحین بکە "پێشینی ڕاست ڕەو" سێ چەرخی یەکەم، تەواو. وەڵامەکە ئاسانە.

بەڵام خەڵك فەتوا دەدات، تەکفیرکردن. وە بە گوێرەی فەرمودەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە صەحیحی

بوخاری، بەرگی ٨، فەرمودەی ژمارە ٦١٠٣، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:"هەر موسوڵمانێك بە موسوڵمانێکی تر بڵێت کافر، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی."

بۆیە بە پێی ئەمە، زانا مەزنەکان فەرموویانە کەنابێت تەکفیر بکەیت. تەکفیر واتە بە موسوڵمانێك یا باوڕدارێکی تر بڵێیت کافرە وە فەتوای جۆراو جۆر هەیە بۆ ئەم فەرمودانە کە بۆچوونی "حافض ابن حجر" دەفەرموێت: "ئەو فەرمودەیەی صەحیحی بوخاری کە دەفەرموێت ئەگەر بە موسوڵمانێك بڵێیت کافر دەگەڕێتەوە بۆ خۆت." واتە کفرەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆت، وە تۆ دەبێت بە کافر.

شێخ شوکانی فەرموویەتی:"بە باوڕدارێکی تر مەڵێن کافر هەتا سەلماندنەکە وەکو خۆری بەیانی ڕۆشن دەبێت." تا ئەوەندە ڕۆشن دەبێت کە کافری تەواوە. سەلمێنرا . سەیرکەن ، فەرز نیە بە کافر بڵێی کافر . فەرز نیە، ئەگەر تۆ موسوڵمانیت و یەکێك کافربێت تۆ بۆ فەتوا دەدەیت؟ تەکفیر.

زۆربەی فەتواکان کە باس دەکرێن هەڵەن. هەروەکو باسم کرد. ئەوەندەی پەیوەندی بە وشەی "سەلەف" یەوە هەیە ، دوو گروپ لە زانا هەن، گروپێك دەڵێن فەرزە، وە نمونەکەی شێخ ناصرالدین الألبانیم هێنایەوە. دەمەوێت ئەوەش بزانیت کە شێخ "صالح الفوزان" بەڕێزە لەلام، زانایەکی ئەم سەردەمەیە. ئەو دەڵێت بە سەلەفی بانگکردن فەرزە. تۆزێ کەمتر نەك زۆر توند "شێخ بن باز" دەڵێت: باشە، کێشە نیە.

بەڵام زاناکانی گروپەکانی تر دەڵێن بە سەلەفی بانگکردن هەڵەیە، کۆمەڵێك زانا کە باوڕیان بە قورئان و فەرمودە و سەلەفی صالحین هەیە. یەکەم جار قسەی کەسێکم کرد کە بەڕێزترینە لە نێوان سەلەفیەکانی ئەم سەردەمە، شێخ ابن تیمیە. کتێبێك هەیە بەناوی " بانگ کردن بۆ ئیسلام و کاری بانگ خوازی" کە تیایدا ٤٠ فەرموودە باس کراوە، چلەم فەرمودە و کۆتا فەرمودەیەکی ترمیذي یە ژمارە ٢٦٠٠ دەڵێت کە پێغەمبەری خوا، محمد (درودی خوای لێ بێت) فەرمویەتی:"من ڕاهێنانم پێ کراوە بە جەنگ، کە

بۆ ئێوە ڕاهێنانم پێ کراوە. یەکەم "جەماعە"یە ، "جەماعە" واتە سێ چەرخەکەی یەکەم، سەلەفی سالحین. دووەم گوێلێگرتن. سێیەم، گوێڕایەڵی کردن. چوارەم، هیجرەت. پێنجەم، جیهاد لە ڕێگای خوا(سبحانه وتعالى). وە هەر کەسێك بستێ لابدات و جیاواز بێت لە جەماعە، ئەوە ملوانکەی ئیسلامی لە ملی خۆی فڕێداوە، وە هەر کەسێك هاوار بکاتە کەسێکی تر جگە لە خوا، ئەوە بانگت دەکات بۆ ئاگری دۆزەخ."

شێخ ابن تیمیە دەڵێت:"یەکێك لە سەلەف دەفەرموێت: نازانم بە هۆی کام دوو شتەوە زیاتر سوپاسی خوا بکەم، بۆ ئەوەی کە منی هێناوەتە ناو ئیسلام، کە بووم بە موسوڵمان، یان بۆ ئەوەی کە منی پاراستووە لە داهێنەران. تەنانەت فەرمودەی پێشتر، فەرمودەیەکی ترمیذي یە کە دەفەرموێت:"بە هەر ناوێك بانگ بکەی جگە لەوەی خوا، ئەوەی کە خوا بانگی کردووی "موسوڵمان" "باوڕدار"، "عبدالله" کەواتە چۆن دەڵێیت شێخ ابن تیمیە دەڵێت: بە خۆت بڵێ سەلەفی؟ ئەوەی شێخ ابن تیمیە دەیلێت ئەوەیە کە شوێن سەلەفی صالحین بکەوین.

باسی زانایەکی تر تان بۆ ئەکەم، شێخ العثیمین . سەیرکەن، ئەم زانایانە ئەستێرەی گەشاوەی ئەم سەردەمەن . ئێستا لە دوونیا نەماون. ناصرالدین الأباني، شێخ ابن باز، شێخ العثیمین. لە کتێبی Until When Will We Differ

کە کتێبی" (شێخ العثیمین)"ە لە پێشانگاکەیدا ڕێگە پێ دراوە . لە لاپەڕە ٥٦، کەسێکی هیندی پرسیار لە شێخ العثیمین دەکات:" لە وڵاتی ئێمە خەڵك بانگەواز دەکات بۆ " ئیخوانی" و "تەبلیغی"، ئایا ئەوان لەسەر حەقن یان نا ؟ شێخ وەڵام دەداتەوە:"ئەگەر هەر کەسێ بانگەوازی کرد بەرەو ئیخوانی، یا تەبلیغی، یا سەلەفی، ئەوە هەڵەیە." پرسیارەکە لەسەر سەلەفی نەبوو، شێخ العثیمین نەیهێشت ئەویشیان بڵێ . هەر کەسێ بە خۆی بڵێ ئیخوانی، یان تەبلیغی، یان سەلەفی، بەرەو ئەوە بانگەواز بکات ، ئەوە هەڵەیە. نەك من. سەیر کە، د.زاکیر نایك هیچ نیە لە ئیسلامدا . من سفرم. شێخ العثیمین ، ماشاءالله، پلەی هەیە. بۆیە من شوێن فەتواکەی شێخ العثیمین دەکەوم . بۆیە ئەگەر هەر

سەلەفیەك پەنجە بۆ من ڕادەکێشێت، پێویستە پەنجە بۆ شێخ العثیمینیش ڕابکێشێت. هەموو ئەم کەسانەش کە لە ئینتەرنێت ئەیبینن، نالێین شێخ العثیمین فەرمویەتی بە خۆتان بڵێن سەلەفی، بەڵکو دەڵێن فەرمویەتی شوێن سەلەفی صالحین بکەون. بۆیە منیش ئەوە دەڵێم. بۆیە شێخ العثیمین هیچ کێشەی نییە هەرکەسێ شوێن سەلەفی صالح بکەوێت. بەڵام ئەگەر بۆئەوە بانگەواز بکەیت کە بەخۆت بڵێیت سەلەفی، دەفەرموێت: ئەوە هەڵەیە. بۆیە شێخ ناصرالدین الالبانی لە لایەك دەفەرموێت: فەرزە. شێخ العثیمین: دەفەرموێت هەڵەیە.

بەڵام هەردووکیان ڕازین. هەروەها شێخ ناصرالدین الالبانیش دەفەرموێت: ئەگەر بە خۆت بڵێی سەلەفی و وابزانیت بەرزتریت، ئەوە هەڵەیە. هەروەها شێخ صالح الفوزان ئەفەرموێت: ئەگەر بڵێیت من سەلەفیم و بەرزترم، ئەوە هەڵەیە. بۆیە ئەم گروپەی سەلەفی کە دەڵێن سەلەفی بەرزە، هەرچەنە ڕازین کەبەخۆت بڵێیت سەلەفی، بەڵام پاشان بڵێی من بەرزترم، من دەچمە بەهەشت، ئەوانی تر هەڵەن، ئەوە هەڵەیە.

شێخ صالح الفوزان، ناصر الدين البانی، شێخ بن باز. شێخ العثيمين لە پەنا ئەمان دەفەرموێت: نابێ بە خۆت بڵێی سەلەفی. من وەکو شێخ العثيمين توند نیم. ئەگەر لێم بپرسن، ئەڵێم: پەسندترە بە خۆت بڵێی "موسڵمان"، ئەگەر کەسێکیش بە خۆی وت "سەلەفی" لە هەندێ باردا دەکرێت موباح بێت. باشە، بە کورتی ناڵێم حەرامە. ناڵێم حەرامە؛ بەڵام پەسندە. لە ٪ ١٠٠ سەلامەتە وشەی "موسڵمان" بەکار بهێنین. زاناکان جیادەبنەوە، بوترێت یان نەوترێت. ئەگەر کەسێك بە کورتیەکەی وتی لە بری ئەوەی بڵێیت: من شوێن قورئان و فەرمودە و سەلەفی صالحین کەوتووم، دەڵێم: سەلەفیم، لایەنە سەلامەتەکەم وە هەموو گروپەکانی تر بۆ دۆزەخ.

بەم شێوازە هەڵەیە. لەبەر کورتی، ئەگەر بیشیڵێی، موباحە. نەك فەرز. من زیاتر لەگەل فتواکەی "شێخ صالح المنجد" م. ئەو دەڵێت: ئەگەر وا بەخۆت دەڵێیت بۆ تێگەشتن لەوەی سەر بە داهێنەران نیت، ئەوە هیچ کێشەیەکی نیە، بەڵام ئەگەر یەکێك وتی:

مـن سـەلەفیم، باشـترم، ئـەوە هەڵەیـە. باسـی فەرمودەیـەکی پێغەمبەر(درودی خوای لێ بێت) دەکات لە سەردەمی مەدینە، شەڕ کەوتـە نێـوان "ئەنصـار" و "موهاجیر"ەکـان، بۆیـە ئەنصـارەکە وتـی:" ئـەی ئەنصـار وەرن بەلامـەوە. موهاجیرەکـە وتـی: ئـەی موهاجیرەکـان، وەرن یارمـەتیم بەن.پێغەمبـەر هـات تـا بزانـێ، فـەرمووی: ئەمـە بانگـەوازە بـۆ جـاهیلی. وەك دەشـزانیت کـە بـە "ئەنصار" بانگکردن خراپ نیـە، بـەنگکردن بـە "موهـاجیر" خـراپ نیە. بەڵام لەبەر ئەوەی لایەن دروست دەکەن "ئەی ئەنصار، وەرن یارمەتیم بەن" ، "ئەی موهـاجیر وەرن یارمـەتیم بـەن". پێغەمبـەر فەرمووی: ئەمە بانگەوازە بۆ جاهیلی. لەکاتێکدا "ئەنصار" نـاوێکی باشـە، ئەنصار واتە یارمەتیدەر، یارمەتیدەرانی محمد(درودی خوای لێ بێت).

موهـاجیر واتـە ئەوانـەی کۆچـیان کـرد لـە پێنـاو خـوا و پێغەمبەرەکەی. نـاوێکی باشـە. بـەڵام هێشـتا پێغەمبـەر فـەرمووی حەرامە، بۆ ناساندنی ئەوەی من بەرزترم. بە پشـت بەسـتن بەمـە، من ناڵێم سەلەفی حەرامە، هەڵە لـێم تێمەگـە، بـەڵام سـەلامەترینیان

"موسوڵمان"ە. ئەگەر بڵێی من سەلەفیم چەند ناڕێکیەکم هەیە، یان خۆم بەشت دەزانم ، ئەوە کێشەیە. لەوانەیە سەر بکێشێ بۆ .. لەوانەیە ... مەترسیدار بێت. بۆیە پێغەمبەر قەدەغەی کرد. بۆیە سەلامەترینیان ئەوەیە کە (... بە ڕاستی من لە ڕیزی موسوڵمانانم) بڵێی کە من موسوڵمانم، ئەگینا دەتوانم بڵێم حەنەفی تەواوم، شافعی تەواوم، حەمبەلی تەواوم، مالیکی تەواوم، سەلەفی تەواوم، ئەهلی حەدیسی تەواوم، کێشە نیە. بەڵام وەکو ناو بە خۆت بڵێ "موسوڵمان".

بۆچوونی زانا مەزنەکان

ئیمام شافیعی (خوای لێ ڕازی بێت)فەرموویەتی:" بۆ هەر ناوێك کە پاڵ دەدرێتە پاڵ ئەو ناوەی خوا بانگی پێ کردووە، ئەوە هەر شتێکی تربێت، کوفرە . تەنها دەتوانن بەوە بانگ بکەن کە خواو پێغەمبەرەکەی بانگیان پێکردووە، هیچی تر. هەرشتێکی تر کوفرە. بەڵام ئەگەر یەکێك بە ناوێکی تر بانگ بکات، بە نەزانی بێت، ئەوە کافر نیە."

دەزانیت شێخ ابن تیمیە چی دەڵێت؟ دەڵێت:" ئەگەر یەکێك کڕنوش بەرێت بۆ مرۆڤێك، وە وابزانێت کە ئەوە ئاینە، ئەوە بێ بڕوا نابێت، مەگەر یەکێ بۆی ڕوون بکاتەوە و هەر بەردەوام بێت."

شێخ ابن تیمیە چ کەسایەتیەکی مەزن!

ئەگەر زیاتر بخوێنێتەوە، "شێخ الشوکانی" فەرمویەتی: کە ئەگەر یەکێك خۆی نەویکرد بۆ یەکێکی تر جگە لە خوا، بە نەزانی، ئەوە بێ بڕوا نابێت."

[redacted]

محمد ابن وهاب (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمویەتی:" ئێمە بەو كەسانە ناڵێین بێ باوەڕ كە دەچەمێنەوە بۆ قەبری عبدالقادر ، یا بۆ قەبری أحمد البدوی ، یان ئەوانەی وەك ئەوانن، كەوایە چۆن دەتوانین بە وانە بڵێین بێباوڕ كە شیركیان نەكردووە؟"

ئێمە پێمان وایە كە زانیاریمان هەیە و دەتوانین تەكفیر بكەین، ئەو كافرە، ئەو كافرە و هەروەها. حەز دەكەم بە دوو فەرمودەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) كۆتایی پێ بێنم. لە صەحیحی موسلیم، بەرگی ٣، فەرمودەی ژمارە ٤٥٦٥ دا هاتووە كە "عرفجة" (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:"پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمویەتی كە كاتێك دێت كە ئاژاوە لە كۆمەڵگەدا پەیدا دەبێت، وە هەر كاتێك هەركەسێك یەك ڕیزی ئومەتی ئیسلامی تێكدا بە شمشێر لێی بدەن وە ئەگەر نەوەستا بیكوژن.

لە صەحیحی البخاری، بەرگی ٤، فەرمودەی ژمارە ٣٦٠٦ دا هاتووە كە "حذیفة بن الیمان" (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت:"خەڵك حەز دەكەن پرسیار لە پێغەمبەر بكەن كە چی

باشە، بەڵام من حەز دەکەم بپرسم کە چی خراپە، لە ترسی ئەوەی تووشی نەبم. وە پرسیم لە پێغەمبەر کە: ئێمە لە سەردەمی نەزانی و حاڵێکی خراپدا بووین، خوا دەروی خێری لێ کردینەوە، ئایا لە پاش ئەمە خراپە پەیدا دەبێت؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەڵێ، خراپە پەیدا دەبێت. ئەی ئایا باشە ڕوو دەدات لە پاشی ئەو خراپەیە؟ پێغەمبەر فەرموی: بەڵێ. بەڵام بە "دخن" ەوە . صەحابەکە پرسی "دخن" چیە؟ پێغەمبەر فەرموی : کۆمەڵێك کەس پەیدا دەبن کە بانگەواز بۆ شتێك دەکەن کە ڕێنمایی من نیە. صەحابەکە دەپرسێت: ئایە دوای ئەوە خراپە ڕوو دەدات؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ. خەڵکێك پەیدا دەبن کە بانگتان دەکەن بەرەو ئاگری دۆزەخ. بۆیە حذیفة (خوای لێ ڕازی بێت) دەپرسێت: ئەی دەبێت چی بکەین؟ پێغەمبەر دەفەرموێت: لایەنی کۆمەڵی موسوڵمانان و پێشەوای ئەوان بگرە. صەحابەکە پرسیار دەکات: ئەی ئەگەر کۆمەڵەی موسوڵمان و پێشەوا نەبوون؟ وەڵامەکەی پێغەمبەر بریتیە لە: ئەگەر هیچ کۆمەڵێکی موسوڵمان

یان پێشەوا نەبوو ئەوە خۆت بە دوور بگرە لە هەموو لایەنەکان، تەنانەت ئەگەر بگا بەوەی ناچاری بووی کە باوەش بکەیت بە قەدی دارێکدا هەتا دەگەیت بە خوا (سبحانە وتعالە) لە ڕۆژی دوایدا.

وآخر دعوانا أن الحمد الله ربي العالمين

ناوەڕۆک

بابەت	ژمارە
پێشەکی ڕێنوێن	٣
پێشەکی نووسەر	٥
هۆکارەکانی جیاوازی نێوان موسوڵمانان	١٠
ئایا چوار مەزهەبەکە کامیان ڕاستن؟	١٩
دروستکردنی لایەن لە ئیسلامدا	٧٧
چ ناوێک لە خۆمان بنێین؟	٨٤
دروست کردنی ڕێکخراو لە ئیسلامدا	١٠٢
بۆچوونی زانا مەزنەکان	١١٣
ناوەڕۆک	١١٧

[redacted]